


# سەنگی بارزانی لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا

## سەردانی ئەمجارەی بۆ بەغدا لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی بەرز هەڵسەنگێنرا

لە ناوەڕاستی مانگی تەمموزی ٢٠١٠ کە ئەو کات پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق نەیاندەتوانی دوای ٥ مانگ لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن حکومەت پێکبهێنن، گوڵان لەمیانەی دیمانەیەکی تایبەتدا لە سەرۆکی هەرێمی کوردستانی پرسی، ئاخۆ بەڕێزتان بەنیازنین سەردانی بەغدا بکەن، یان بانگهێشتی لایەنە سیاسییەکان بکەن بۆ ئەوەی لە هەولێر رێکبکەون؟ سەرۆکی کوردستان لە وەڵامەکەیدا ئاماژەی بەوەکرد..((لە ئێستادا (مەبەستی ناوەڕاستی تەمموزی ٢٠١٠بوو) پێدەچێت برایان لەبەغدا بڕیاریان دابێت رێکنکەون..بەڵام ئەگەر بزانم لایەنەکان دەیانەوێت چارەسەرێك بدۆزنەوە، من ئامادەم لێرە داوەتیان بکەین و لە خزمەتیان بین، هەروەها ئامادەشم بچمە بەغدا ئەگەر بزانم لایەنەکان بڕیاریانداوە رێکبکەون، هەروەها ئامادەشم هەرچی لەدەستم بێت بیکەم، بەڵام هەتا ئێستا لەوە ناچێت بڕیاری رێککەوتنیان دابێت))، ئاماژەکردن بۆ ئەم هەڵوێستەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە پرۆسەی سیاسیی لە عێراق، دەروازەیەکە بۆ خوێندنەوەی شێواز و لۆژیکی بارزانی لە پیادەکردنی دیپلۆماتی و هەڵسوڕانی کاری سیاسیدا، بەوەی سەرۆك بارزانی نە بۆ موجامەلە سەردانی هیچ شوێنێك دەکات و نە بۆ موجامەلەش پێشوازی لەهیچ لایەك دەکات، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا دەکرێت خوێندنەوە یان هەڵسەنگاندن بۆ شێوازی حکومڕانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەچەند خاڵێکدا چڕبکەینەوە:

١. لەدوای ساڵی ١٩٩١ـەوە بەحکومی ئەوەی بەڕێزیان لەگەڵ سەرۆك تاڵەبانی سەرۆکی بەرەی کوردستانی بوون و پاشانیش لە هەڵبژاردنی رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان زۆرینەی دەنگی خەڵکی بەدەستهێنا و سەرۆك تاڵەبانیش دەنگەکانی نزیك بوو لەسەرۆك بارزانی، بۆیە هەردوو سەرۆك بارزانی و تاڵەبانی وەك سەرۆکی ئەمری واقیعی هەرێمی کوردستان ناسراون، کە هەم شەرعیەتی شۆڕشگێڕانە و هەم شەرعیەتی گەلی کوردستانیشیان هەبووە، بۆیە وەك سەرۆکی دەوڵەتێك کاری دیپلۆماتی و سیاسیان ئەنجامداوە، ئەم شێوازەش چ وەك سەرۆك تاڵەبانی لە پۆستی سەرۆك کۆمار پیادە کرابێت، یان سەرۆك بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان پیادەی کردبێت، دەوڵەتانی دراوسێی و جیهان بەڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ کردووە و ئەگەر ئەو سیاسەتەشیان رەتکردبێتەوە، دیسان لەئاستی بەرز وەك سیاسەتی سەرۆك دەوڵەتێك مامەڵەی لەگەڵ کراوە و کاردانەوەی بەدوای خۆیدا هێناوە.

٢. ئەم بەرپرسیاریەتیە قورسە لەماوەی نزیکەی ٢٣ ساڵی رابردوو، راستە تەحدی زۆری رووبەڕوو بۆتەوە، راستە هەوراز و نشێوی زۆر هاتۆتە بەردەم، بەڵام پرۆسەی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان هەر بەردەوام بووە لە چوونە پێشەوە و رۆژ لەدوای رۆژیش ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و پرۆسەی پەرەپێدان هەنگاوی زیاتر بەرەو پێشەوە هەڵگرتووە، راستە شەڕ هەبووە بەڵام شەڕەکان کۆتایی هاتووە و لەمەش گرنگتر لەبەر ئەوەی سیاسەتی بارزانی سیاسەتێکی ئاشتیخوازانە بووە، نەك کۆتایی شەڕێك نەبۆتە خۆ ئامادەکردن بۆ شەڕێکی دیکە، بەڵکو کۆتایی شەڕەکە بۆتە هەنگاو هەڵگرتن بۆ هاوپەیمانی یان پێکەوە ژیانی ئاشتیانە.

٣. بنەمای ئەم سیاسەت و دیپلۆماتیەی بارزانی ئەوەیە کە بارزانی بڕوای بەوە هەیە هیچ کێشەیەك بە توندوتیژی چارەسەر ناکرێت، چەند شێوازی ناجۆر بگیرێتە بەر، سەرەنجام هەردەبێت تەفاهومێك لەنێوان هەردوولا دروست بێت و ئەم تەفاهومەش دەبێت لەسەر بنەمای ئاشتی و دیالۆگ بێت.

ئەگەر لەم خاڵانەوە سەیری هەموو هەڵوێستەکانی بارزانی بکەین، هەست دەکەین بارزانی بۆ چارەسەری هەموو کێشەکان دەستبەرداری ئەم بنەمایە نەبووە، ئەم بنەمایە چەند بەقورس لەسەر هەرێمی کوردستان راوەستابێت، ئەوا بارزانی زۆر هەڵوێستی وەرگرتووە، کە هەندێك لە سەرکردە سیاسییەکانی کوردستان و عێراق و ناوچەکە پێیانوابووە سەرۆك بارزانی موجازەفە دەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی بنەمای هەڵوێستەکانی لەسەر بنەمای ئاشتی و پێکەوە ژیان و بەدیهێنانی سەقامگیری ناوچەکە و کوردستان و عێراق بووە، ئەوا سەرەنجام زمانی دیالۆگ و لۆژیکی دیپلۆماتیەتی بارزانی هەموو لایەکی بەدیالۆگ کۆکردۆتەوە، ئەوجا لەبەر ئەوەی ئامانجی بارزانی لەماوەی ٢٣ ساڵی رابردوو وەك دەوڵەتمەدارێك لەسەر بنەمای دیالۆگ و ئاشتی و پێکەوە ژیان و سەقامگیری بووە، ئەوا هەر هەنگاوێك خزمەت بەم بنەمایانە نەکات و بارزانی قەناعەتێکی لا دروست نەبووبێت کە بەرامبەر گۆڕانکاری بەسەر بیرکردنەوەی هاتووە، ئەوا بارزانی هەر ئەو هەڵوێستەی هەبووە کە پێشان هەیبووە، بەڵام ئەگەر بزانێت هەنگاوێك خزمەتی ئەو بنەمایانە دەکات ئەوا ئامادەیە هەمووکات و هەموو ژیانی خۆی بۆ تەرخان بکات.

لەم راستەوە و پێش ئەوەی بێینە سەر سەردانی ئەم دواییەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا، جێگەی خۆیەتی ئاوڕێك لە پەیوەندییەکانی چەند ساڵی رابردووی نێوان هەولێر و ئەنکەرا بدەینەوە، ئەوا ئەو راستیەمان بۆ دەردەکەوێت، ئەو تورکیایەی ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان وەك شەریکی ستراتیژی خۆی لەسەر ئاستی سیاسی و ئابووری پێناسە دەکات، هەر ئەو تورکیایە کە لەساڵی ٢٠٠٣ هەڕەشەی داگیرکردنی کوردستانی دەکرد، هەر ئەو تورکیایە کە بارزانی رایگەیاند دەبێت سوپای تورکیا بەسەر لاشەی مندا بێنە کوردستانەوە،



## عارف تەیفور بۆ گوڵان:

# سەردانی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا کۆی سەرنج و ئومێدی هەموو شەقامی عێراقی بۆ لای خۆی راکێشا

بەڵام ئەم دوژمنایەتیەی دوێنی ئێستا بووە بەچی؟ بێگومان وەك دەبینین بەڕێز ئەردۆگان بەدەستی خۆی کونسوڵخانەی تورکیا لەهەولێر دەکاتەوە و سەرۆك بارزانی بەزمانی کوردی لە کۆنگرەی پارتی داد و گەشەپێدانی دەسەڵاتداردا، بەکوردی وتار دەخوێنێتەوە. کەواتە پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا بارزانی هەڵوێستی بەرامبەر تورکیا گۆڕاوە یان ئەوە تورکیایە هەڵوێستی خۆی گۆڕیوە؟ بێگومان دەتوانین بڵێین تورکیای ئێستا ئەو تورکیایەی چەندین ساڵ لەمەوپێش نییە کە پێیوابوو هەموو کێشەیەك بە رێگە چارەی سەربازی چارەسەر دەکرێت، بۆیە دوای نەمانی ئەم بۆچوونە تورکیای ئێستا هەڵوێستێکی ئاسایی بەرامبەر هەرێمی کوردستانی وەرگرت و بەشێوەی ئاسایی سەیری هەرێمی کوردستان دەکات، هەرێمی کوردستانیش خوازیاری ئەوەبوو هەڵوێستی ئاسایی تورکیا ببینێت کە شایستەی دەوڵەتێکی گرنگی ئیقلیمی وەك تورکیایە، بۆیە بارزانی نەك پێشوازی لەم هەڵوێستە کرد، بەڵکو دەستپێشخەری زیاتری کرد بۆ ئەوەی زیاتر سەقامگیری لەناوچەکە بێتە ئاراوە، ئەوەی ئێستا دەیبینین کە پرۆسەیەك بۆ چارەسەری کێشەی کورد لەتورکیا هاتۆتە ئاراوە بەرهەمی ئەو لۆژیکە سیاسیەیە، کە بارزانی نەك هەر پشتگیری لێدەکات، بەڵکو ئامادەیە هاوکاری هەردوو لایەنی حکومەتی تورکیا و پەکەکە بکات بۆ ئەوەی بەدیدێکی ستراتیژی سەیری ئەم پرۆژەیە بکەن و هەموو هەوڵێك بۆ سەرخستنی ئاشتی و چارەسەری کێشەی کورد بێت لەتورکیادا.

### بەغدا و هەولێر
### وەرچەرخانێك لە تێگەشتن بۆ چارەسەری کێشەکان

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠١٠ بەو مەرجە کۆبوونەوەی هەولێری رێکخست کە لایەنەکان بریاریان هەبێت بۆ دۆزینەوەی رێگە چارەیەك بۆ تەنگژەی حکومڕانی لەعێراق، هەروەها ئامادەباشیان هەبێت بۆ ئەوەی لەچوارچێوەی دەستووری عێراقدا هەموو پێکهاتە سەرەکیەکان لەسەر بنەمای شەراکەت بەشداربن لە حکومەتێکی بنکە فراونی نیشتمانیدا، ئەم ئامادەباشیە بە سەرپەرشتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان رێککەوتنی هەولێری لێ بەرهەمهات کە لەبەر رۆشنایی ئەم رێککەوتنە حکومەتی عێراق پێکهێنرا، هەر سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش کرایە چاودێر بۆ جێبەجێکردنی ئەم رێککەوتنە، ئەم رێککەوتنەش لەبەر ئەوەی هەنگاوێك بوو بۆ دووبارە رێکخستنەوەی ژیانی سیاسی و حکومڕانی لەعێراقدا، بە بنەمای ئاشتی و پێکەوە ژیان لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی لەقەڵەم درا و، هەموو ئەو دەوڵەتانەشی خۆیان بەدۆستی عێراقی نوێ دەزانی، بە تەقدیرەوە ئەم هەوڵەی بارزانییان بەرز نرخاند و بەوە لەقەڵەمیاندا ئەمجارەش بارزانی عێراقی لە مەترسیەکی

گەورە رزگار کرد، بەڵام ئەوەی جێگەی هەڵوەستە و سەرنجدانە لە هەڵوێستە مەبدەئیەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئاشتی و سەقامگیری و پێکەوە ژیان لەعێراقدا، ئەوەیە بارزانی پێش هەموو کەس تەنانەت پێش ئەمریکاش، هەموو جیهانی لەمەترسی جێبەجێنەکردنی ئەو رێککەوتنە ئاگادارکردەوە و ئاماژەشی بەوەکرد، چاوپۆشین لەم حاڵەتە عێراق بەرەو کارەساتێکی نادیار دەبات، خۆ ئەگەر بەچاوی ویژدان سەیری بارودۆخی عێراق بکەین لەدوای ئەو هۆشدارییەی بارزانی بۆ ئاکامی خراپی بارودۆخی عێراق، ئەوا هەموو جیهان شاهیدی بۆ ئەوە دەدەن، کە ئەو بارودۆخە عێراقی بەرەو کوێ بردووە، بۆیە لەم حاڵەتە گەڕانەوە بۆ لۆژیکی بارزانی و هەوڵدان بۆ چارەسەری کێشەکان بەزمانی دیالۆگ و دووبارە رێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی و رێکخستنەوەی حکومڕانی، تەنها رێگەیە بۆ ئەوەی ئەمجارەش عێراق لەم تەڵەزگەیە رزگاری بێت، لەم چوارچێوەیەدا لەوانەیە هەندێك چاودێر یان خەڵکانی ئاسایی ئەو پرسیارە بکەن، ئایا ئێستا هەڵوێستی حکومەتی بەغدا بەرامبەر چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ هەرێم گۆڕاوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لەگەڵ ئەوەی پێویستی بە چاوەڕوانی ئاکامی ئەو هەوڵانەیە کە ئێستا لە ئارادان، بەڵام دەکرێت راشکاوانە ئاماژە بەوە بکەین ئەگەر ئەو قەناعەتە لای بەرپرسانی بەغدا بە تایبەتی شەخسی نوری مالیکی و هاوپەیمانی نیشتمانی دروست نەبووبێت، کە نەك تەنها کێشەکانی هەرێم و بەغدا، بەڵکو پێویستە تەواوی کێشەکانی عێراق بە دیالۆگ و هاوبەشی سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق چارەسەر بکرێت، پێکەوە هەموو شەریك بن لەحکومڕانی و بەرپرسیاربن لەبەرامبەر ئەو تەحدیانەی رووبەڕووی عێراق دەبێتەوە، ئەوا لەم حاڵەتە عێراق بەرەو هەر هەڵدێرێك هەنگاو هەڵبگرێت، کورد لەو ئاکامە بەرپرسیار نابێت.

**پێشوازی کردنی جیهان**
**لە سەردانەکەی سەرۆك بارزانی**

سەردانی ئەمجارەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا بێجگە لەوەی تواندنەوەی بەستەڵەکێکی ئەستوور بوو لە نێوان هەولێر و بەغدا، هەروەها تواندنەوەی بەستەڵەك بوو لەسەرجەم پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، لەهەمانکاتدا لەسەر ئاستی ناوخۆ و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی و نەتەوەیەکگرتووەکان بەگەرمی پێشوازی لێکراو ئەم سەردانە وەك هەنگاوێکی گرنگ بۆ رێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسیی و حکومڕانی لەعێراقدا لەقەڵەم درا، سەبارەت بەم لایەنە بەڕێز عارف تەیفور جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بەمجۆرە رای خۆی بۆ گولان خستەڕوو: (سەردانی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا کۆی سەرنج و ئومێدی هەموو شەقامی عێراقی بۆ لای خۆی راکێشا، بەتایبەتیش کە لە دیمانەو چاوپێکەوتنەکانی تەلەفزیۆن کە لەگەڵ خەڵکدا دەکرێت هەموویان زۆر بە خۆشییەوە پێشوازییان لەو سەفەرەی بۆ بەغدا دەکەن و هیوای ئەوە دەخوازن کە بتوانێت ئەم لایەنانە لە یەکدی نزیك بکاتەوەو چارەسەری کێشەکان بکات، تاکو ئەو بارودۆخەی عێراق هێورتر بکرێتەوەو کۆتایی بەو قەیرانەی ئێستا بێت، هەروەها لایەنەکان خۆیشیان بە گیانێکی دیموکراتییانەو دوور لە توندوتیژی بتوانن کێشەکانی ناوخۆی خۆیان بەلاوە بنێن، بە گشتی جەنابی سەرۆك بارزانی لەم سەردانەیدا ئومێدێکی وای هەم بە هاووڵاتیان و هەمیش بە لایەنە سیاسییەکان بەخشیوە کە بتوانێت لایەنەکان پێکەوە کۆبکاتەوە و تا بەیەکەوە چارەسەری قەیرانەکە بکەن. سەبارەت بەو کۆبوونەوەیەی نێوان جەنابی سەرۆك بارزانی و بەڕێز مالیکی زۆر گرنگ بوو هەروەها جێگەی سەرنج بوو لای دەزگاکانی راگەیاندن، هەوڵدانێکیش بوو بۆ نەهێشتنی ناکۆکییەکان و گەڕانەوەی برایەتی و دۆستایەتی نێوانیان بۆ دۆخی جاران، لایەنە شیعەکانیش زۆر گەشبینن بەم هەنگاوە، هەست دەکەین ئەم جارە جۆرە جددیاتێکی تێدایە، لە ئێستاشدا یاسای دووبارە داڕشتنەوەی سنووری پارێزگاکانمان بە ئیمزای مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراقەوە بۆ هاتووە، لایەنە شیعەکانیش بە تایبەتیش دەوڵەتی یاسا پێیان راگەیاندووین کە ئەوان لەگەڵ تێپەڕاندنی ئەم یاسایەن، ئەم یاسایەش یاسایەکی گرنگە بۆ چارەسەرکردنی سنووری ئیداری ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم)).

سەبارەت بە ئامادەباشی بۆ ئەم سەردانە و هەوڵەکانی بۆ چارەسەری کێشەکان جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ئاماژەی بەوەکرد، سەردانی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ بەغدا بۆ خاوکردنەوەی ئەو بارودۆخە سەرکەوتنی بەدەستهێنا و دوای ئەویش سەردانی بەڕێز نوری مالیکی بەدوادا هات بۆ هەولێر و لەمیانەی کۆبوونەوەکانی هەولێر بە تایبەتی کۆبوونەوەی نێوان سەرۆك بارزانی و بەڕێز مالکی بڕیاردرا کە جەنابی سەرۆکیش سەردانی بەغدا بکات و وابڕیارە ئەم سەردانانە بەردەوام و ئەو لیژنانەشی بۆ چارەسەری کێشەکان دانراون لەسەر کاری خۆیان بەردەوام بن و لەمبارەوە و لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گولان وتی:(بەمەبەستی خاوکردنەوەی باری ئاڵۆزی نێوان هەرێم و بەغدا، ماوەیەك لەمەوبەر بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدای کرد، بۆ ئەوەی ئەو سستی و ساردییەی کە لە نێوان هەردوولا هەیە لایبەرێت، توانی کە لەم سەفەرەدا سەرکەوتن بەدەست بێنێت و بیروبۆچوونی هەردوولا لە یەکدی نزیك بکاتەوە کە ئامادەبوونی هەردوولای تێدا بێت تاکو بەیەکەوە دواتر چەندین لیژنە دروستکران بۆ

**لایەنە عێراقییەکانیش تارادەیەکی زۆر چاوەڕوانی ئەو سەردانەی جەنابی سەرۆکی کوردستان بوون بۆ ئەوەی کێشەکانیان لەسەر بنەمای دیالۆگ و لێك تێگەیشتن چارەسەر بکرێن**

**لایەنە عیراقییەکان داوای ئەوەشیان کرد و گوتیان ئێمە ئومێد دەکەین و داواکارین لە جەنابی بارزانی کە بتوانێت تەواوی کێشەکانی عیراق نەك تەنیا کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا چارەسەر بکات**



### غەفوور مەخموری بۆ گوڵان:

# ئێستا هەست بە جدیەتێک دەکەین لەلایەن بەغداوە بۆ چارەسەری کێشەکان

بەدواداچوونی کێشـــەکان و دۆزینەوەی چارەسەر لە نێوان هەولێـــر و بەغدا، ئەم لیژنانە بۆ کێشـــەی ئەمنییە، بۆ کێشـــەی ناوچـــە کوردســـتانییەکانی دەرەوەی هەرێمە، بۆیاســـای نەوت و غازە، بۆ مەســـەلەی پێشمەرگەیە، بۆ بوودجە و پشـــکی کۆمپانیاکانی نەوتە کە پارەکەیان بـــڕی و نەیانـــدا بـــەو کۆمپانیایانە، بۆ مەســـەلەی دابەشـــکردنی ئاوە، بۆ دیاریکردنی سنووری کوردستانە لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی عێراق، هەروەها زۆر بابەتی دیکـــە، دوای ئەم قۆناخـــە، ئینجا بە چـــاك زانرا کە بەڕێز مالیکی خۆی بێتـــە هەولێر و لێرەش کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی سازکرد، لە هەولێر بەتەنیا جەنابی ســـەرۆکی بینی و لە کۆبوونەوەکەیاندا باسیان لەو کێشەو ئاڵۆزیانـــە کردووە کە لە نێوان هەردوولادا هەیە بۆ دانانی چارەســـەر بۆ کێشـــەکانی نێوانیان، چونکە ئەم کێشانە نابێ هەروا بمێننەوەو پێویســـتە چارەسەر بکرێن، لەو دوو کۆبوونەوانەشـــدا بڕیاردراوە جەنابی سەرۆکی هەرێمیش سەفەری بەغدا بکات و لەوێ لایەنەکان ببینێت، ئەوە بوو لە هەفتەی رابردوودا هاتە بەغدا لە راســـتیدا چاوی بە سەرانی زۆربەی لایەنەکان کەوت و قسەی لەگەڵ کردن، یەکێکیش لەوانە ســـەردانی ئەنجومەنی نوێنەرانی کردو لەگەڵ ســـەرۆکایەتی و سەرۆك کوتلەکان دانیشت و زۆر بە راشـــکاوی باس لە بارودۆخی ئێستاو پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتـــی هەرێم و حکومەتی فیدرال کرا، لەوێ سەرۆك کوتلەکان ئەم سەردانەی بەڕێزیانیان بەرز نرخاندو داوایان لێکرد ئەم ســـەردانانە بەردەوام بێت و ســـەردانی شـــوێنەکانی دیکەی عێراقیش بکات، بۆیە بەڵێنیشی دا کە ســـەردانی پارێزگاو لایەنەکانی دیکەش بکات، لەبەر ئەوە بڕیاردرا دوای جەژن جارێکی دیکە سەردانی بەغدا بکاتەوەو بەدواداچوون بکات سەبارەت بە ئیش و کاری ئەو لیژنانەی پێکهاتوون کە ئەم جارە زیادکران تاکو بزانن کە بەچی گەیشتوون و دواتر بڕیار بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا بدەن)).

ئەوەی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ئاماژەی پێکرد ئەوەیە کە سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەوە فراوانتربـــووە کە تەنها باس لە کێشـــەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بکات، بەڵکو کێشـــەکانی عێراق بەگشتی بەشێك لەبەرنامەی سەردانەکەی بەغدا بووە، سەبارەت بەم لایەنە غەفور مەخموری ســـکرتێری حزبی یەکێتی نەتەوەیی و ئەندامی شـــاندی یاوەری ســـەرۆکی هەرێمی کوردستان ســـەبارەت بەو وردەکارییانەی لە کۆبوونەوەکان باســـیان لێکـــراوە لە لێدوانێکـــی تایبەتدا بەمجـــۆرە بە گوڵانی راگەیاند: (ئەم ســـەردانەی جەنابی ســـەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەبوو بەتایبەتـــی لەوەی لە ماوەی رابردوو کۆمەڵێك کێشـــە و



گرفت لەنێوان هەولێر و بەغدا هەبوو لەهەمان کاتدا ئەو شاندەی کە لەگەڵ جەنابی سەرۆکی کوردستان سەردانی بەغدایان کرد ئەوە شاندێك بوون تاڕادەیەك ڕەنگدانەوەی واقیعی سیاسی کوردستان بوو، لەبەر ئەوەی شاندێك بوو هەم لایەنی حکومەت و هەم چەند پەرلەمانتارێك و کۆمەڵێك لایەنی سیاسی لە خۆگرتبوو، ئەوەش خۆی لەخۆیدا پەیامێك بوو بۆ عێراقییەکان کە ئێمە هەم لە دەسەڵات و هەم لەدەرەوەی دەسەڵاتیش هەموومان یەکین و دەمانەوێت کێشەو گرفتەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بە دیالۆگ چارەسەر بکرێت، ئەوەی من وەك ئەندامی شاندەکە لەم سەردانە تێبینیم کرد ئەوەبوو لایەنە عێراقییەکانیش تاڕادەیەکی زۆر چاوەڕوانی ئەو سەردانەی جەنابی سەرۆکی کوردستان بوون بۆ ئەوەی کێشەکانیان لەسەر بنەمای دیالۆگ و لێك تێگەیشتن چارەسەر بکرێن و ئەوەی دواتر تێبینیم کرد لە زۆربەی زۆری دانیشتنەکان کە لەگەڵ لایەنە عیراقییەکان ئەنجامدرا، هەست بەوە دەکرا ئەوان ناڕاستەوخۆ پەیامێکیان بۆ ئێمە پێ بوو، پەیامەکەشیان ئەوەبوو، چۆن خەڵکی کوردستان پێویستی بەسەرۆك بارزانی-یە بەهەمان شێوە هەموو عێراقیش پێویستی بەسەرۆك بارزانی-یە، ئەمەش لەبەر ئەوەبوو زۆربەی زۆری لایەنە عیراقییەکان بەتایبەتی لە ئەنجومەنی نوێنەران کە زۆربەی کوتلە سیاسییەکان لە کۆبوونەوەکە بەشداربوون داوای ئەوەیان لە سەرۆك بارزانی کرد کە سەردانی پارێزگاکانی تریش بکات و زۆربەی کوتلە سیاسییەکان داوای ئەوەیان دەکرد و دەیانگوت بوونی کەسایەتیەکی وەکو جەنابی بارزانی لە بەغدا گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە و بارزانی دەتوانێت زۆربەی هەرە زۆری کێشەکانی عێراق چارەسەر و یەکلا بکاتەوە، هەروەها لایەنە عیراقییەکان داوای ئەوەشیان کرد و گوتیان ئێمە ئومێد دەکەین و داواکارین لە جەنابی بارزانی کە بتوانێت تەواوی کێشەکانی عیراق نەك تەنیا کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا چارەسەر بکات، لەبەر ئەوەی لەڕابردوودا ئەزموونمان هەیە کە نەمانتوانی ماوەیەکی درێژ حکومەتی عێراق پێکبهێنین، بەڵام بارزانی دەستپێشخەریەکی کردو هەموومانی لەهەولێر کۆکردەوە و بەپێی ڕێککەوتننامەی هەولێر حکومەتی عێراقی پێکهات و ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە کە جەنابیان دەستپێشخەری هەبێت بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەو گرفتەکانی عێراق و بۆ کردنەوەی گرێ کوێرەکان. هەروەها خاڵێکی دیکە کە تێبینیم کرد ئەو سەردانە گرنگی و بایەخی خۆی هەبوو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش، بۆ نموونە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێگای نوێنەری خۆیانەوە لەبەغدا بەیانیان دەرکرد و پێشوازیان لەسەردانەکە کرد، هەمان ڕۆژ باڵوێزخانەی ئەمریکا پێشوازی و پشتیوانی خۆی لە سەردانەکەی بارزانی بۆ بەغدا کرد و جۆزیف بایدن جێگری سەرۆکی ئەمریکا پێشوازی لەو سەردانە کرد و بەتەلەفۆن پەیوەندی بە جەنابی بارزانی کرد و پشتیوانی خۆی ڕاگەیاند و داواکارە کە ئەو سەردانانە بەردەوام بێت بۆ یەکلاکردنەوەو چارەسەری کێشەکان، هاوکات لەسەر ئاستی عێراقیش لایەنە عیراقییەکان لە بەغدا جگە لەوەی بە گەرمی پێشوازیان لەو سەردانەی بارزانی و شاندی یاوەری کرد، لەهەمان کاتدا پەیامیشیان هەبوو کە بەڵێ پێویستیمان بە تۆیە بارزانی، لەسەر ئاستی عێراق باڵاترین مەرجەعیەتی شیعەکان کە بەڕێز سیستانیە پێشوازی و پشتیوانی لەم سەردانەی جەنابی سەرۆکی کوردستان کرد و داواشی کردووە کە ئەم سەردانانە بەردەوام بێت، لەکاتی گەڕانەوەشمان بەڕێز مالیکی ئاماژەی بەوەکرد ئەوجارە سەردانی هەولێر دەکەم و دەمێنمەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئێستا هەست بە جددیەتێك دەکەین لەلایەن بەغداوە بۆ چارەسەری کێشەکان)).

**لایەنە عیراقییەکان لە بەغدا جگە لەوەی بە گەرمی پێشوازیان لەو سەردانەی بارزانی و شاندی یاوەری کرد، لەهەمان کاتدا پەیامیشیان هەبوو کە بەڵێ پێویستیمان بە تۆیە بارزانی**

**سەرۆک بارزانی لەم سەردانەیدا ئومێدێکی وای هەم بە هاووڵاتیان و هەمیش بە لایەنە سیاسییەکان بەخشیوە کە بتوانێت لایەنەکان پێکەوە کۆبکاتەوە و تا بەیەکەوە چارەسەری قەیرانەکە بکەن**

# خۆپەسەندیی کەرەستەیەک بۆ شیکردنەوەی سایکۆسیاسی ئۆپۆزسیۆن



ئازا حەسیب قەرەداخی

دوو هەفتە جارێک بۆ گوڵانی دەنووسێت

خۆپەسەندی زاراوەیەکە چەندین هاوواتای هەیە، لەوانە: لەخۆباییبوون، بەخۆنازین، لووتبەرزی، فیزکردن، خۆبەگەورەزانین، کەللەبایی، بەخۆ فشیین، خۆهەڵکێشان، شانازی بەخۆوە کردن، لەخۆڕازی بوون..... هتد

هەموو ئەوانە زاراوەن بۆ ناساندنی حاڵەتێکی دەروونی کە بە پلەیەکی دیاریکراوی کەم، لە هەموو کەسێکدا هەیە و ئاساییە. بەڵام کە لەوە تێپەڕی ئەوسا دەبێتە حاڵەتێکی دەروونی نا دروست، واتە دەبێتە نەخۆشی.

ئەم زاراوانە گوزارشت لەو حاڵەتە دەکەن کە تاکە کەس هەرگیز خودی خۆی وەکو ئەوە نابینێ کە هەیە، بەڵکو وەکو ئەوە دەیبینێ کە خۆی حەز دەکات هەبێ. بەواتایەکی دیکە خۆی لە وێنە و کارەکتەرێکی لەوە گەورەتردا دەبینێ کە لە ئەسڵدا هەیەتی.

زلترە لە خەڵکی دیکە، بە فیزەوە تەماشای ئەوانی دیکە دەکات و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات چونکە ئەوان بچووکترن لەم. ئەوە ئەوانی بچووکن کە پێویستیان بەمە نەك ئەمی گەورە پێویستی بەوان بێ.

راستی تەنیا ئەوەیە کە لەلای ئەمە و جگە لەمەیش هیچی دیکە راستی نییە.

بەتەواوی لە خۆی رازی و بە تەواویش لە هەموو ئەوانی دیکە ناڕازییە.

قسەی خۆی، رەفتاری خۆی، تەنانەت ئەوانەیش کە بیری لێ کردوونەتەوە و هێشتا نەیدرکاندوون یان نەی کردوون، پەسەندن. هەموو شتێکی ئەوانی دیکە ناپەسەندن.

ئەو ئەگەر هیچیش نەکات، ئەوا ئەو کارەی ئەوانی دیکە دەیکەن هەر ئەوەیە کە ئەم دەبوایە بیانکات، بەڵام بە سەقەتی دەیکەن بۆیە هەمیشە لێیان ناڕازی و توڕەیە.

**تەنیا وەسفی تاکە کەس نییە**

هەر کاتێك ئەو دەستەواژانە دێنە باسەوە، وەکو ئەوە وایە باسی حاڵەتی دەروونی تاکە کەس بکرێ. بەڵام لە راستیدا ئەوە مانای وانییە کە گرووپ یان کۆمەڵەی کۆمەڵایەتی و حزبی سیاسیش تووشی ئەو نەخۆشییە نابن.

نازییەکانی ئەڵمانیا و فاشییەکانی ئیتاڵیا و گرووپەکەی پۆلپۆت لە کەمبۆدیا و بەعسییەکانی عێراق و چەندینی دیکەی وەکو ئەوان، نوخبەی سیاسی و حزبیی ئایدیایەکی خۆبەزلزان و لووتبەرز و لەخۆبایی بووی بەخۆفشیین بوون کە هەموو ئەوانی دیکەی جیا لە خۆیان، چ نەتەوە بن، یان گرووپی کۆمەڵایەتی، یان حزبی سیاسی، هیچ نین یان زۆر کەمترن و لە بنەڕەتەوە شایستەی هەبوون نین.

**کولتووری خۆپەسەندی**

خاڵی هاوبەش لە نێوانی هەموو ئەو زاراوانەدا کە گوزارشت لە حاڵەتێك دەکەن، ئەوەیە کە ئەم حاڵەتە، جگە لەوەی نەخۆشییە، هەروەها کولتوورە.

کە دووچاری تاکە کەس دەبێ، نەخۆشییە. کە دووچاری گرووپ و رێکخراو و حزب بوو، دەبێتە کولتوور. وەلێ کولتوورێکی نەخۆش. کولتوورێك لەسەر وەهم بینا دەکات و هەرگیز گوزارشت لە هەبوویەکی راستەقینە ناکات.

کولتووره بەڵام حەقیقەتێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مەعریفی لە پشتەوەی نییە، بە واتایەکی دیکە باڵانوومای راستی نییە، بەڵکو وەهمێك یان درۆیەکی گەورە لە پشتەوەیەتی و درۆیەکی لەوەیش گەورەتر دەشارێتەوە.

زۆر بە کورتی، خۆبەزلزانین یان لووتبەرزی هەوڵێکی سەخت و بەردەوامی بە گرێ وگۆڵەیە بۆ شاردنەوەی لاوازی و کێماسی راستەقینە.

دەمەوێ بە هەر کام لەو زاراوە هاوواتایانە، شیکردنەوەیەکی سایکۆسیاسی

بۆ ئۆپۆزسیۆن، لە ژیانی سیاسی هەرێمی کوردستاندا بکەم.

**پۆلینکردنی کایەی سیاسی**

ئەو سێ حزبە کایەی سیاسی هەرێمی کوردستانیان لە نێوانی دووانەی (دەسەڵات) و (ئۆپۆزسیۆن)دا دابەش و پۆلین کردووە.

لە ئەدەبیاتی سیاسیدا پۆلین کردنی کایە و ژیانی سیاسی لە نێوانی دووانەی وەکو: رادیکاڵ و کۆنەپارێز، عەلمانی و ئایینی، چەپ و راست،... دروست و راستە چونکە هەر یەکێك لەو دووانانە گوزارشت لە ئایدیا و جیهانبینی لەیەکتر جیاواز و ناکۆك دەکەن. هەمیشە لە ململانێی یەکلاکەرەوەدان. هەمیشەیین و هیچیان نابێتە ئەوی دیکەیان. هەرگیز شوێنگۆڕکێ لە نێوانیاندا روونادات. خولەکانی هەڵبژاردن و گەمەی دیموکراسی هیچ کاریگەرییەکی نییە لە گۆڕینی یەکێك لەو دووانانە بەوەی دیکەیان. وەلێ کە ئۆپۆزسیۆن ژیان و کایەی سیاسی پۆلین کردووە بۆ دووانەی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن، پۆلینێکی دروستی نەکردووە، چونکە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن گوزارشت لە ئایدیا و جیهانبینی ناکەن. یەکێکیان تا سەر رادیکاڵ یان چەپ نییە و ئەوی دیکە تا سەر کۆنەپارێز یان موحافزکار نییە. یەکێکیان عەلمانی و ئەوی دیکەیان ئایینی نییە.

ئەو پۆلینە هەمیشەیی نییە بەڵکو کاتییە و لە خولێکی دیاری کراودا، دەرەنجامەکانی هەڵبژاردن و دەنگدان دروستیان کردووە و دەشێ لە خولێکی دیکەی هەڵبژاردندا شوێنگۆڕکێ لە نێوانیاندا روو بدات.

ئەدی بۆچی ئۆپۆزسیۆن کولتوور و هوشیاری ئەم پۆلین کردنە لە کۆمەڵگای کوردیدا بڵاو دەکاتەوە؟!

بە بڕوای من ئەمە یەکێکە لە نیشانەکانی خۆپەسەندی و خۆفشیینی ئۆپۆزسیۆن، کە لە وەهمی شان لە شاندانی دەسەڵاتدا، خۆی تەنیا لەگەڵ دەسەڵاتدا پۆلین دەکات و بە بارتەقای ئەو خۆیشی دادەنێ.

بەم پۆلینە غروری خۆی تێر دەکات و بە بنکەی جەماوەری خۆیشی دەڵێ هەرچەندە حوکمڕان نییە، بەڵام ئەوەندەی حکومەت دەسەڵاتدارە و هاوشانییەتی. بەمەیش هەوڵێکی دەروونی سەخت و بە گرێوگۆڵ دەدات تا هەستی کێماسی و خۆبەکەمزانین بەرامبەر دەسەڵات تووشی بنکە جەماوەرییەکەی نەبێ.

لە پشتەوەی ئەم پۆلینە، ئۆپۆزسیۆن راستییەك دەشارێتەوە کە بریتییە لە ناکۆکی جەوهەری نێوانی کارەکتەرەکانی کە لە ئەسڵدا خۆیان پۆلینن لە نێوانی ئایینی و عەلمانی. لەنێوانی رادیکاڵی پۆپۆلیست و رادیکاڵی ئیسلامی و ئیسلاحخوازی ئیسلامیدا. وەلێ ئەم پۆلینە راستەقینەیە بەکەڵکی ململانێی سیاسی ئەوان نایە لەگەڵ پارتی و یەکێتی. هەروەها لە جۆشدانی بنکەی جەماوەرییاندا، بەکەڵکی ئەو پێناوە نایە کە گەیشتنە بە دەسەڵات.

لە بنەڕەتەوە، بزووتنەوەی گۆڕان ویستوویەتی سوود لە سۆزی ئیسلامگەرایی بنکەی جەماوەریی ئەو دوو حزبە ئیسلامییە وەرگرێ بۆ بەرنامەکەی خۆی کە هەڵوەشاندنەوە و نەهێشتنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی عەلمانی و پاشان دەرکردنی پارتی دیموکراتی کوردستانە لە بازنەی حوکمڕانێتی.

دوو حزبە ئیسلامییەکەیش کە خۆیان دووچاری ناکۆکی هەبوونی یەکترن، ویستوویانە سوود لە حەماس و هەڵچوون و گوتاری پۆپۆلیستییانەی بزووتنەوەی گۆڕان وەرگرن بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و گۆڕینی سستمی سیاسی و تەبەننا کردنی شەریعەت لەبری یاسا دانراوەکان.

ئۆپۆزسیۆن ناتوانێ ئەم راستییە ئاشکرا بکات و بەم مەنتیقە بێتە ناو ململانێکانەوە و پۆلینی کارەکتەرەکانی ناو ژیانی سیاسی بکات. بۆیە ناچارە بە بەرگێك لە غروری سیاسی و پۆلینێکی نادروست هەموو ئەم راستییانە بشارێتەوە و سروشتێکی جیاواز بە دابەشبوونی کارەکتەرەکان و جۆری ململانێکان بدات.

**بەکەمزانینی ئەوانی دیکە**

کە ئۆپۆزسیۆن کایەی سیاسی لە نێوانی خۆی و دەسەڵاتدا پۆلین دەکات، خۆی لە کۆی حزب و لایەن و کارەکتەرەکانی دیکەی ناو ژیانی سیاسی هەرێمی کوردستان جیا دەکاتەوە. خۆی بە گەورە و ئەوان بە بچووك. خۆی بە زۆر و ئەوانی دیکە بەکەم دەزانێ.

ئەم بەراوردە لەنێوانی خۆی و ئەوانی دیکەدا تەنیا هەست و دیتن نییە، بەڵکو کار و رەفتاریشە. ئۆپۆزسیۆن کە هیچ کام لە حزبەکانی کوردستان بەوانەیشیانەوە کە نوێنەرایەتی نەتەوە و پێکهاتە ئایینی و ئایینزاییەکانی کۆمەڵگای کوردستان دەکەن، هیچیان بە هاوتای خۆی نازانێ، ئەوا بەو پۆلینە دەیەوێ تەنیا دوو کارەکتەر لە ژیانی سیاسیدا بمێنن، دەسەڵات و خۆیان، ئیتر هەموو ئەوانی دیکە بخاتە پەراوێزەوە. ئەمەیش نیشانەی خۆفشیینی ئۆپۆزسیۆنە کە نازانێ لە گەمەی دیموکراسیدا گەورە و بچووك نییە، بەڵکو ژمارە هەیە و ژمارەیش لە یەکەوە دەست پێ دەکات و رۆژێك لە رۆژان بۆ پێکهێنانی زۆرینەیەك لە پەرلەماندا تا ئۆپۆزسیۆنەکەی ئێستا بتوانێ حکومەت پێك بهێنێ، لەوانەیە پێویستی بە رەزامەندی حزبێکی خودان یەك کورسی بێ کە بیهێنێتە ناو هاوپەیمانێتی خۆیەوە. بۆیە ئەو کەمەی ئەمڕۆ رۆژێك لە رۆژان زۆرە و زۆرینە تەواو دەکات.

**فەرمانبەر**

ئۆپۆزسیۆن لەدەرەوەی دەسەڵاتە، بەڵام داوا لە دەسەڵات دەکات بەرنامە و ئەجندای ئەو لە پرسە جیاجیاکاندا جێبەجێ بکات. ئەم رەفتار و گوتارەی ئۆپۆزسیۆن بەرهەمی ئەو خۆپەسەندییەیە کە هەیانە.

ئۆپۆزسیۆن لای خۆی براندوویەتییەوە کە راستی ئەوەیە کە لای ئەمە و بەرنامە و دیدگای خۆی بۆ کۆی پرسەکان لە بەرنامە و دیدگای حزبەکانی دەسەڵات راست تر و باشترە. ماوەتەوە دەسەڵاتیش بڕوا بەمە بکات و وەکو فەرمانبەر لە ژێر فەرمانی ئەمدا کار بکات. بەواتایەکی دیکە ئۆپۆزسیۆن ئەوەندە لە خۆبایی و لە خۆڕازی و بە فیزە، کە دەعییەی نایەت بچێتە حکومەتەوە. بەڵکو رێگەی داوە حزبی دیکە بینە حکومەت، بەو مەرجە کە فەرمانبەری ئەم بن و کار و بەرنامە و فەرمانەکانی ئەم جێبەجێ بکەن.

**بەناوی خەڵکەوە قسەکردن**

ئۆپۆزسیۆن بە کۆی ژمارەی ئەندامان و لایەنگرانی هەر سێ حزبەکەی، بە کۆی دەنگ و کورسی هەر سێکیان هێشتا هەر کەمینەیە، کەچی وەکو زۆرینەیەکی رەهای بێ رکابەری ٩٩,٩٩٪ دەدوێن و خۆدەسەپێنن و دەبنە بریکاری هەموو خەڵك. ئەمەیش نیشانەیەکی دیکەی لووتبەرزی و خۆپەسەندی ئەوانە کە خەڵك و زۆرینەی سیاسی و ژمارەی کورسی ناو پەرلەمان و هەموو مەرجەکانی دیکەی دیموکراسی لە خۆیان بە بچووکتر دەبینن.

**رەوانی ژیانی سیاسی**

ژیانی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا ناکەوێتە حاڵەتێکی دروست و ئاسایی و دڵنیاکەرەوە تا ئۆپۆزسیۆن خۆی لەم نەخۆشییە رزگار نەکات. کێشە ناوخۆییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان و دەرەنجامەکانی هەڵبژاردن لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و مانەوەیان بەتەنیا لە پرسی سازانی نیشتمانیدا و رووداوگەلەکانی ناوچەکە نیشانە زەقەکانی ئەوەن کە کاتی ئەوە هاتووە ئۆپۆزسیۆن خۆی وەکو ئەوە ببینێ کە هەیە نەك وەکو ئەوەی کە تەمەننای دەکات. سەنگ و توانا و تانوپۆی خۆی هێندەی ئەوە ببینێ کە هەیەتی نەك هێندەی ئەوەی حەزی دەکرد وەها بوایە.

ئەو رۆژەی ئۆپۆزسیۆن دەگات بەو حەقیقەتە کە ئەو هەیە وەکو ئەوەی کە هەیە، نەك وەکو ئەوەی تەوەهومی دەکات، ئەوسا گرفت و شڵەژانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کەمتر دەبن و ململانێی سیاسی و کێبڕکێ و حوکمڕانیش ئارام و رەوان و خۆشڕەوتر بەرێوە دەچن.

**ئۆپۆزسیۆن لای خۆی براندوویەتییەوە کە راستی ئەوەیە کە لای ئەمە و بەرنامە و دیدگای خۆی بۆ کۆی پرسەکان لە بەرنامە و دیدگای حزبەکانی دەسەڵات راست تر و باشترە. ماوەتەوە دەسەڵاتیش بڕوا بەمە بکات و وەکو فەرمانبەر لە ژێر فەرمانی ئەمدا کار بکات**

**ئەو رۆژەی ئۆپۆزسیۆن دەگات بەو حەقیقەتە کە ئەو هەیە وەکو ئەوەی کە هەیە، نەك وەکو ئەوەی تەوەهومی دەکات، ئەوسا گرفت و شڵەژانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کەمتر دەبن و ململانێی سیاسی و کێبڕکێ و حوکمڕانیش ئارام و رەوان و خۆشڕەوتر بەرێوە دەچن**



*** لابردنی سەرۆك مورسی لە میسر قۆناغێكی ئینتیقالی نوێی لە بەهاری عەرەبیدا هێنایە ئاراوە. بەپێی بیروبۆچوونی ئێوە، تا چەند ئەم گۆڕانە نوێیە كاریگەریی لەسەر تەواوی ناوچەكە دەبێت؟ بە تایبەتی كە میسر وڵاتێكی ئاسایی نییە، وڵاتێكی گەورە و گرنگە؟**

- بەدڵنیاییەوە، سەرەتا دەبێت چاوەڕێ بكەین و ببینین كە ئایا سوپا و خەڵكانی رەوتی «تمرد» دەتوانن بەردەوام بن لە دوورخستنەوەی مورسی لە سەرۆكایەتی، چونكە فشارێك هەیە و لە میسردا خەڵكانێك هەن لە گۆڕەپانی تەحریر لە قاهیرە، بۆ گەڕاندنەوەی مورسی بۆ سەرۆكایەتی خۆپیشاندان دەكەن. من شەخسی خۆم تەمەننای ئەوە ناكەم ئەم هەوڵانە سەركەوتووبن و هیوادارم سوپا و بزووتنەوەی «تمرد» بتوانن بەردەوامبن لە دوورخستنەوەی مورسی لە دەسەڵات. بەڵام دەبێت چاوەڕێ بكەین و ببینین و هێشتا ئێمە زۆرمان نەبینیوە- لەم رووەوە-. رەنگە ئیخوان موسلمین و لایەنگرەكانیان پتر توندوتیژ بن، ئەمە ئەگەرێكە. لە راستیدا گرنگترین لایەنی ئەم مەسەلەیە بریتییە لە ئەمریكا، ئەگەر سەرۆكی ئەمریكا ئۆباما، یان كەسێكی ناو كۆشكی سپی یان وەزارەتی دەرەوە، ئەو رووداوەی هەفتەیەك یان دوو هەفتە پێش ئێستا روویدا لە قاهیرە، بە تێكەڵێك لە شۆڕشی جەماوەری و كودەتا وەسفی بكەن، ئەوا شتێكی ئاساییە و مایەی گرفت نییە، لەبەر ئەوە دەبێت چاوەڕێ بكەین و ببینین ئەمریكا چۆن رەفتار دەكات لەم رووەوە. بەڵام ئەگەر لە بنەڕەتدا ئەمریكا پشتیوان بێت، ئەوا شۆڕشەكە سەركەوتن بەدەست دەهێنێت.

*** كاتێك مورسی هەڵبژێردرا و ئیخوان موسلمین دەسەڵاتیان گرتەدەست، زۆر لە شارەزایان پێشبینی حكومڕانییەكی خراپیان دەكرد، بەڵام هەموو لایەنەكان پێداگیرییان كرد لەسەر پێدانی دەرفەتێك بۆ ئەوەی بزانن چۆن حكومڕانی دەكەن. بە تێڕوانینی ئێوە، ئایا مومكین بوو هاوكاریی میسر**

پرۆفیسۆر ئەمازیا بارام بۆ گوڵان:

# ئەو بارودۆخەی ئێستا رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێدا تێدەپەڕێت لە بەرژەوەندی کوردە و زیاتر لەسەربەخۆیی نزیکتان دەکاتەوە

**پرۆفیسۆر ئەمازیا بارام هەتا ساڵی ٢٠٠٦ سەرۆکی سەنتەری سابان بووە بۆ دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئامۆژگای بەناوبانگی برۆکینگز، لە ساڵی ١٩٧٩ـەوە کەماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵ دەکات، بەردەوام تویژینەوەی لەسەر بارودۆخی عێراق کردووە، لە ساڵی ١٩٩٠-٢٠٠٦ تویژینەوەکانی لەسەر مێژووی میزۆپۆتامیا بووە، ئەمازیا بارام لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا یەکێک بووە لەو تۆژەرانەی راوێژی داوە بەسەرۆک جۆرج دەبلیو بوش بۆ ئۆپەراسیۆنی ئازادی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣، هەروەها یەکێکە لەو شرۆڤەوان و سیاسییانەی کە وتارەکانی لە واشنتۆن پۆست و گۆڤاری فۆرین ئەفێرز بڵاو دەکاتەوە، پرۆفیسۆر بارام تایبەتمەندە لەسەر کێشەی کوردیش هەر لەشۆڕشی ئەیلوولەوە تاوەکو ئێستا بە وردی دیراسەت و تویژینەوەی لەسەر پرسی کورد کردووە و یەکێکە لەو بیانیانەی کە زۆر سەرسام بووە بەسەرکردایەتی بارزانی مستەفا لەشۆڕشی ئەیلوولدا، ئێستا وەک لەم دیمانەیە پێی راگەیاندین سەرقاڵی تویژینەوەیەکە سەبارەت بە ئەگەری دروستبوونی سۆپەر دەوڵەتی کوردی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ قسەکردن لەسەر گۆڕانکارییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و پرسی کورد لەناو ئەم ژینگە ئاڵۆزە ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر ئەمازیا بارام ئەنجامداوە کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

**بکرێت بۆ ئەوەی هەر لە سەرەتاوە و پێش هەڵبژاردنەکان رووبەڕووی ئەم دۆخە نەبێتەوە؟**

- ئەوە ئەگەرێك بوو، پێموایە رەفتاری ئەمریکا زۆر نابەرپرسیارانە بوو، و بە تەواوەتی هەڵە بوو، بە تایبەتی ئۆباما و راوێژکارەکانی، من ئەو کاتە لە واشنتۆن دی سی نەبووم، بەڵام بە چەند کەسێکم لە کۆشکی سپی راگەیاند کە توانای بڕیاردانیان هەبوو- من ناتوانم ناوی هیچ کەسێکیان بهێنم- کە ئەمە هەڵەیەکی خراپە. بەڵکو دەبوو هاوکاریی میسریەکانیان بکردایە بۆ ئەوەی حکومەتێکی کاتی درێژخایەن پێکبهێنرایە، نە ئیخوان موسلمین و نە موبارەك، حکومەتێکی کاتی بە چەشنی ئەوەی ئێستا هەیە، کە زەمینە بۆ هەڵبژاردن خۆش بکات، بۆ ئەوەی هەموو لایەك کاتی تەواویان هەبێت بۆ خۆڕێکخستن. ئەوەی روویدا ئەوەبوو کە هەڵبژاردنەکان زۆر زوو ئەنجامدران، کە تاکە لایەنێکی رێکخراو بریتی بوو لە ئیخوان موسلمین، لەبەر ئەوەی لیبراڵەکان و عەلمانیەکان کاتیان نەبوو بۆ خۆڕێکخستن. ئێستاش کە حکومەت و سوپا دەڵێن پێویستە لە ماوەی شەش مانگدا هەڵبژاردنی گشتی ئەنجام بدرێت، پێشنیاری من ئەوەیە با ساڵێکی تەواو بخایەنێت، بەڵام نازانم ئایا بڕیاریان لە شەش مانگەکە داوە و ناتوانن بیگۆڕن یان نە، لەبەر ئەوەی خەڵکی پێویستیان بە کاتە بۆ خۆڕێکخستن، چونکە ئەگەر لە ماوەی چەند مانگێکدا ئەنجامی بدەیت، ئەوا هەمان دەرئەنجام بەدی دێت کە ساڵێك پێش ئێستا روویدا، کەواتە دەبێت کاتی پێویستیان پێبدەیت و ئێستاش کاتی پێویستیان پێنەدراوە و تەنها شەش مانگە. بە گشتی هەرچیەك لە میسردا رووبدات بە جۆرێك لە جۆرەکان کاریگەریی لەسەر ناوچەکە دەبێت.

*** دوای ئەزموونی پارتە ئیسلامیەکان لە جەزائیر و ئەزموونی بزووتنەوەی حەماس لە فەلەستین، ئێستاش فەشەلی ئەزموونی ئیخوان موسلمینی میسریش دەبینین.**

**ئایا هاوڕایت لەسەر ئەوەی ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شکستی هێناوە؟**

- بە تەواوەتی نا، لەبەر ئەوەی جیاوازیی هەیە لە نێوان شکستهێنان و زەبرپێکەوتندا، من دەڵێم بە دڵنیاییەوە ئەمە زەبرێك بوو بەر ئیسلامی سیاسی کەوت، بەڵام شکستهێنان نەبوو، چونکە ئەمە کاتێکی زۆری دەوێت و لەگەڵ ئەوەشدا دەرئەنجامەکە زانراو نییە. پرسیارەکەی ئێوە گرنگە، ئەمریکا لایەنێکی زۆر گرنگە لەم مەسەلەیەدا- و ئەمریکا بەم شێوەیە لە مەسەلەکە نارِوانێت و هەوڵی هێنانەدی دیموکراسی دەدات و بە دڵنیاییەوە من و تۆش دیموکراسیمان دەوێت لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا- بەڵام بە شەو و ڕۆژێك دیموکراسی نایەتەدی و پێویستی بە کاتە و هەندێ جار پێویستی بە ڕوودانی شۆڕشێکی وەك ٣٠ حوزەیران هەیە، تەواو چەشنی عێراق، لە عێراقدا ئەو ناوچەیەی کە کەم تا زۆر سیستمێکی دیموکراتی هەبێت، کوردستانە، من و تۆش دەزانین کوردستان بە تەواوەتی دیموکراتی نییە، بەڵام نادیموکراتیش نییە، ئێستا لایەنی دیموکراسی زۆر گرنگ لە کوردستاندا هەن، باقی بەشەکانی دیکەی عێراق بەو سادەییە نییە، زۆر ئاڵۆزن. بەڵام بڕیاربەدەستانی ئەمریکا پێش داگیرکردنی عێراق پێیان وابوو لە ماوەی سێ و ڕەنگە چوار مانگدا دیموکراسییەتێکی زۆر باش لە عێراق دێتەدی و ئەوانیش بە خۆشحاڵییەوە دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان. بەڵام من پێم وتن ئەمە کێشەیەکی درێژخایەن دەبێت. کەواتە ئیسلامی سیاسی زەبرێکی گەورەی پێکەوت، بەڵام ئایا کۆتایی پێهاتووە، نەخێر، بەڵکو ماوەتەوە و چاوەڕێی دەرفەتێکی دیکە دەکات، ئەم مەسەلانە کاتیان دەوێت، بەڵام ئەگەر بارودۆخەکە بە باشی بەڕێوەبچێت، ئەوا زەبرێکی زۆر مەترسیدار دەبێت لە -ئیسلامی سیاسی-بەڵام ئێمە نازانین باردودۆخەکە بە چ ئاڕاستەیەکدا دەڕوات. لەبەر ئەوە با چاوەڕێ بکەین و ببینین.

*** هەندێ لە چاودێران پێیانوایە ڕژێمەکەی ئەسەد سوود لە ڕووخانی مورسی وەردەگرێت. بە تێڕوانینی ئێوە ئایا لابردنی مورسی کاردانەوەی لەسەر کێشەی سوریا دەبێت؟**

- ئەمە جێی سەرنجە. بەڵام کاریگەرییەکی گەورەی نابێت، سوریا شوێنێکە کە شۆڕشی میسری کاریگەریی گەورەی نابێت لەسەری. با پێت بڵێم بۆچی. لە سوریا شەڕەکە لە نێوان ڕژێمێکی عەلمانی و بەلای کەمەوە هەشتا گرووپی ئۆپۆزسیۆنە، کە نزیکەی هەموویان سوننەن، لە کاتێکدا ڕژێمەکەی ئەسەد —هەروەك دەزانین- لەلایەن عەلەویەکانەوە پشتیوانی دەکرێت، هەروەها حزبوڵای لوبنانی و هەروەها حزبوڵای عێراقیش کە شان بە شانی ئەسەد شەڕ دەکەن و یارمەتی دەدەن و دوو لایەنی دیکەی عێراق پشتیوانی ئەسەد دەکەن، یەکێکیان «اهل الحق» ئەگەرچی لایەنێکی زۆر گەورەش نییە. لە ئێستادا نزیکەی ٢٠٠٠ چەکداری حزبوڵای لوبنانی و نزیکەی٥٠٠ بۆ ١٥٠٠ چەکداری میلیشیای شیعی عێراقی لە سوریان. مەسیحیەکان بێلایەنن، بەڵام هاوسۆزن لەگەڵ ئەسەددا، هەروەها دروزەکانیش هاوسۆزن لەگەڵ ئەسەددا. کەواتە شەڕەکە لە نێوان ڕژێمێکی عەلمانی و گروپە ئیسلامییەکاندایە. کەواتە شەڕی سوریا کەمتر لە نێوان ئیسلامی سیاسی و عەلمانیەتدایە، بەڵکو پتر لەبارەی جیاوازی تائیفی و ئاینییەوەیە، واتە دەکرێت بڵێین لە نێوان شیعە و سوننەدایە، ئەمە شەڕە سەرەکییەکەیە، هەربۆیە شۆڕشی میسر کاریگەریەکی زۆری نابێت، ڕەنگە کاریگەرییەکی هەبێت، بەڵام کاریگەریی گەورە نا. چونکە تەنانەت ئەگەر سوننەیەکی عەلمانیش بێت، ئەوا خۆشحاڵ نیت بەو شێوەیەی کە ڕژێمی ئەسەد و عەلەویەکان وڵاتەکە بەڕێوەدەبەن، بەڵام ئەگەر شیعە یان عەلەوی بیت، ئەوا هەرچۆنێك بێت پشتیوانی لێدەکەیت. من زۆرێك لە موسڵمانە سوننەکان دەناسم کە هێشتا پشتیوانی ڕژێمەکەی ئەسەد دەکەن، ئیتر هۆکارەکە هەرچییەك بێت، لەترسی لەدەستنەچوونی کار بێت یان هەر هۆکارێکی دیکە، کەواتە بارودۆخەکە لە سوریا ئاڵۆزترە و- ڕووداوەکانی میسر- کاریگەرییەکی زۆری نابێت لەوێدا. ئەوەی پەیوەندی بە کوردەکانی سوریاوە هەبێت، ئەوا — هەروەك ئێوەش دەزانن-کە زۆرینەی زۆریان، نزیکەی لە سەدا ٩٥یان سوننەن، بە دڵنیاییەوە سوننەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا پشتیوانی شۆڕشەکە ناکەن و کەم تا زۆر بێلایەنن، لەبەر ئەوەی سەرجەم کوردەکان دەیانەوێت دان بە مافەکانیاندا بنرێت لەلایەن دەوڵەتەوە....و ئێستا جۆرێك لەئۆتۆنۆمیان دەوێت، چەشنی ئەوەی ئێوە لە عێراقدا هەتانە، ئێستاش نە ئەسەد و نە شۆڕش ئامادەنین ئەمە بە کورد ببەخشن، لەبەر ئەوە کوردەکان بێلایەنن و نایانەوێت پشتیوانی هیچ لایەنێك بکەن. کەواتە سوریا بارودۆخێکی ئاڵۆزی هەیە و شۆڕشی میسر جیاوازیەکی گەورە دروست ناکات لەوێدا. شەڕە سەرەکییەکە لە نێوان سوننەکان لەلایەك و شیعەکانە لەلایەکی دیکەوەیە.

*** چۆن پەرەسەندنی پەیوەندیەکانی نێوان کوردستان و بەغدا دەخوێنیتەوە، بە تایبەتی دوای سەردانی مالیکی بۆ کوردستان و سەردانی بارزانی بۆ بەغدا و پێشوازیکردنی واشنتۆن لەم پەرەسەندنانە، ئایا دەبنەهۆی چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان؟**

- پێموایە سەرکردایەتیی کورد، لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی عێراق- مالیکی- بڕیاریانداوە کە ئاسانترە بۆیان تەنانەت ئەگەر چارەسەرێك بۆ بەشێك لە کێشەکان بدۆزنەوە، لەبەر ئەوەش مالیکی سەردانی هەولێری کرد و دواتر مەسعود بارزانی چوو بۆ بەغدا. کەواتە پێدەچێت سەرکردایەتیی کورد و مالیکی بڕیاریانداوە کە ئاسانترە هەندێ کێشە

ئەگەر سەرۆکی ئەمریکا ئۆباما، یان کەسێکی ناو کۆشکی سپی یان وەزارەتی دەرەوە، ئەو ڕووداوەی هەفتەیەک یان دوو هەفتە پێش ئێستا ڕوویدا لە قاهیرە، بە تێکەڵێک لە شۆڕشی جەماوەری و کودەتا وەسفی بکەن، ئەوا شتێکی ئاساییە و مایەی گرفت نییە

بڕیاربەدەستانی ئەمریکا پێش داگیرکردنی عێراق پێیان وابوو لە ماوەی سێ و ڕەنگە چوار مانگدا دیموکراسییەتێکی زۆر باش لە عێراق دێتەدی و ئەوانیش بە خۆشحاڵییەوە دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان

شەڕی سوریا کەمتر لە نێوان ئیسلامی سیاسی و عەلمانیەتدایە، بەڵکو پتر لەبارەی جیاوازی تائیفی و ئاینییەوەیە، واتە دەکرێت بڵێین لە نێوان شیعە و سوننەدایە

چارەسەر بکەن، ئەگەرچی تەواوی کێشەکانیش نەبێت لە ئێستادا، بەڵام دەکرێت هەندێ کێشە چارەسەر بکرێت، کەواتە هەندێ بەرەوپێشچوونی ئیجابی دەبینم لە نێوان کورد و مالیکیدا و من نازانم چۆن ئەمە سوننەکانیش دەگرێتەوە.

*** دوا وتە و پەیامت چییە؟**

- ئەگەر دەتوانن بگەنە جۆرێك لە ڕێککەوتن لەگەڵ مالیکی لەبارەی دەرهێنانی نەوت و گرێبەستە نەوتییەکان و بەغداش گرفتی نەبێت لەگەڵ ئەمەدا، ئەم کارە بکەن، کەواتە ئەگەر مۆڵەتی دامەزراندنی بۆریی نەوتتان پێبدرێت و گرێبەستی نەوتی بکەن، کە ئێستا ئێوە ئەمە دەکەن، بەڵام قبوڵ بکرێت و دانی پێدا بنرێت و بە شەرعی بناسرێت ئەمە زۆرگرنگە، چونکە ئێوە ئێستا گرێبەستتان لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکانی نەوت هەیە وەك شیفرۆن و ئیکسۆن مۆبیل و توتاڵی فەڕەنسی و کۆمپانیای نەوتی روسیدا هەیە. خۆ ئەگەر بتوانن بگەنە ڕێککەوتن لەبارەی ناکۆکی پەیوەست بە خاکەوە ئەوا کارێکی زۆر باش دەکەن، بەڵام ئەگەر ئەم کارە بکەن، ئەوا پێویستە سازش بکەن، ئێوە ئەمە دەزانن. من دەزانم ئێوە دەتانەوێت ئەوەی دەتانەوێت بەدەستی بهێنن، بەڵام من دڵنیانیم لەوەی بتوانرێت لە ئێستادا ئەم کارە بکرێت. ئەوەی پەیوەست بێت بە پەیوەندیەکانتانەوە لەگەڵ تورکیا، ئەوا زۆر زۆر گرنگە، و پێویست ناکات ئەمەتان پێبڵێم، چونکە تاکە دەروازەتانە بۆ سەر ئۆقیانۆس، بۆ سەر دەریا- ڕاستە عێراقیش هەیە- بەڵام ئێستا ئێوە دەست لە ناو دەست لەگەڵ تورکیادا کاردەکەن. پێویستە ئێوە ئامادەبن بۆ هاوکاریکردنی کوردەکانی سوریاو ئێستاش ئێوە ئەو کارە دەکەن و من دەزانم ئێوە چەکیان بۆ دەنێرن و من دەزانم کە پارتی دیموکراتی کوردستان مەشق بە هەندێ لە جەنگاوەرەکانی کوردستانی سوریا دەکات، بەلای منەوە ئەمە ئاساییە و دەبێت ئەو کارە بکەن، بەڵام دەبێت لەو ڕاستیە تێبگەن کە هەرچەندە ئێوە بەهێزترن، بەڵام ئەوانیش سەرکردایەتی خۆیان هەیە.... کەواتە دەبێت ئارامبگرن، چونکە لە کۆتاییدا دێنەپاڵ ئێوە. بەڵام گرنگترین شت لەبارەی کوردستانی عێراقەوە، لەبارەی هەرێمی کوردستانەوە ئەوەیە کە ئێستا گرژی و ململانێیەکی روو لە زیاد هەیە لە نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان، ڕاستە ئێوە وەك کورد لە عێراقدا یەکگرتوون و ڕێککەوتن هەبووە لە نێوان تاڵەبانی و بارزانیدا، بۆیە هەر ساتێك ڕێککەوتن هەبێت لە نێوانتاندا ئێوە زۆر بەهێزترن، بەڵام کاتێك شەڕ دەکەن و تەنانەت شەڕی سیاسیش، ئەوا مەسەلەکە قوڵتر و جددیتر دەبێت، کەواتە هەلومەرجە سیاسییەکەی کوردستان باشترین هەل و مەرج نییە بۆ هێنانەدی ئەوەی دەتانەوێت بەدەستی بهێنن و پێویستە چارەسەرێك بۆ ئەم ناکۆکیانە بدۆزنەوەوە.

ئێمە لە ئیسرائیلدا پێنج پارتی گەورەمان هەیە و دووانیان لە موعارەزەدان و سێیانیان لە حکومەتدان و ڕێسایەك هەیە بۆ گەمەکە، ئەگەرچی ئەم ڕێسایانە جیاوازن لەوەی لە کوردستاندا هەیە، بەڵام ئێوەش پابەندبن بەو ڕێسایانەوە، سەرکەوتن و بەردەوامبوونی ئیسرائیل بەهۆی پابەندبونی هەمیشەییەوە بووە بە ڕێساکانی گەمەکەوە، هەر لە ساڵی ١٩٤٨ـەوە تاوەکو ئەم ساتەوەختە، ئەوەی گرنگە ئەوەیە هەر پێنج پارتە گەورەکەی ئیسرائیل یەك ئامانجیان هەیە، کە بریتییە لە دەوڵەتێکی ئیسرائیلی سەربەخۆ و بەهێز و پارێزراو. کەواتە پێویستە ئێوە دەستوور بخەنە راپرسیی جەماوەریەوە و پێویستە دەستوور لەلایەن زۆرینەوە پەسەند بکرێت، لەبەر ئەوەی ئێوە پێویستتان بە دەستوورە، من دەزانم دەستوور لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندکرا، بەڵام نەك لەلایەن خەڵکەوە، پێویستە ئێوە ئەم کارە بکەن-بیخەنە راپرسییەوە بۆ ئەوەی خەڵك پەسەندی بکات- چونکە ئەگەر دەستوور هەبوو، ئەوا ڕێساکانی گەمەکە زۆر روون دەبێت. لە عێراقدا دەستوور هەیە، ئەگەرچی مشت و مڕی لەبارەوە دەکرێت، بەڵام هەرچۆنێك بێت دەستووری هەیە و لە کوردستان دەستوور نییە و دەبێت دەستوور هەبێت. مەسەلەیەکی دیکە کە باسی بکەم ئەوەیە کە مێژوویەکی خراپ هەیە لە نێوان ئێوە عەرەبی سوننەدا، پێویست ناکات کەس باسی هەڵەبجە و ئەنفالم بۆ بکات، بەڵام دەبێت هەوڵبدەن و کاریان لەگەڵدا بکەن، چونکە ئەگەر بتانەوێت کاریگەربن لەپرۆسەی سیاسیی عێراقدا، ئەوا لە پێگەیەکی بەهێزتردا دەبن کاتێك کار لەگەڵ سوننەدا بکەن. من ئاگادارم چەند هەفتەیەك پێش ئێستا ئەسیل نوجیفی برای ئوسامە نوجەیفی لە کوردستان لەگەڵ خەڵکی ئێوەدا دانیشتوون و چەند کۆبوونەوەیەکتان کردووە- من بە دواداچوونم هەیە لەم رووەوە- ئەمە شتێکی باشە، بەڵام هیچ دەرئەنجامێکی لێنەکەوتەوە، من دەزانم ئێوە نیگەرانن لە عەرەبی سوننە، ئەویش بەهۆی رابردووەوە، بەهۆی رابردوویەکی مەترسیدارەوە. بەڵام من ئەوەتان پێدەڵێم کە ئەڵمانیا لە سایەی هیتلەردا ٦ ملیۆن جوولەکەی کوشت، بەڵام ئێمە لە ئەمڕۆدا زۆر بە باشی کار لەگەڵ ئەڵمانیادا دەکەین، لەبەر ئەوە دەبێت ئەو ڕەقە بنێژیت و کار بۆ ئایندە بکەیت و نەبیتە دیلی رابردوو. من هیوای باشترین بەخت بۆ کورد دەخوازم و من ئێستا وتارێکم نووسیوە کە ناتوانم بۆتانی بنێرم لەبەر ئەوەی نهێنییە، لەبارەی ئەگەری دروستبوونی سوپەر دەوڵەتی کوردییەوە، کە پێم وانییە بەم زووانە رووبدات، بەڵام من لە هەموو ڕێگاچارەکان دەڕوانم لەبارەی سەربەخۆبوونی کورد یان ئۆتۆنۆمی یان ژمارەیەك لە هەرێمی ئۆتۆنۆمییەوە کە پێکەوە کاربکەن و هەروەها لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا کاربکەن کە لە چوارچێوەیاندان. پێموایە لەبەر ئەوەی ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا روودەدات، بارودۆخی ئێوە باشتربێت و بەهێزتر و پتر سەربەخۆبن.

**سوریا بارودۆخێکی ئاڵۆزی هەیە و شۆڕشی میسر جیاوازیەکی گەورە دروست ناکات لەوێدا. شەڕە سەرەکییەکە لە نێوان سوننەکان لەلایەک و شیعەکانە لەلایەکی دیکەوەیە**


**پێویستە ئێوە دەستوور بخەنە راپرسیی جەماوەریەوە و پێویستە دەستوور لەلایەن زۆرینەوە پەسەند بکرێت، لەبەر ئەوەی ئێوە پێویستتان بە دەستوورە، من دەزانم دەستوور لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندکرا، بەڵام نەک لەلایەن خەڵکەوە، پێویستە ئێوە ئەم کارە بکەن بیخەنە راپرسیەوە بۆ ئەوەی خەڵک پەسەندی بکات**

**ئەگەر بتانەوێت کاریگەربن لەپرۆسەی سیاسیی عێراقدا، ئەوا لە پێگەیەکی بەهێزتردا دەبن کاتێک کار لەگەڵ سوننەدا بکەن، ئەڵمانیا لە سایەی هیتلەردا ٦ ملیۆن جوولەکەی کوشت، بەڵام ئێمە لە ئەمڕۆدا زۆر بە باشی کار لەگەڵ ئەڵمانیادا دەکەین**


رحل
Go out



# فەشەلی ئیخوان موسلمین سەرەتای قۆناخی پۆست ئایدۆلۆژیای شمولیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا



((ئەوانەی دژی ئەو راستیانە رادەوەستنەوە کە ئەزموونی پراکتیکی ئەقڵ فێرمان دەکات، ئەوا ئەو کەسانەن کە دوژمنایەتی لەگەڵ ئەو بەڵگانە دەکەن کە ئەو راستیە دەسەلمێنێت، گومانی تێدانییە دوژمنایەتیکردنی بەڵگەی سەلمێنەری راستیەکانیش لەناو خودی ئەو کەسەدا دوژمنایەتی لەگەڵ مرۆڤەکانی دەوربەری دروست دەکات)).

ئەمانۆیل کانت

بونیادنانی میتافیزیکیای ئەخلاق

جیاوازی نێوان سیاسەتمەدارێکی حزبێکی شمولی لەگەڵ رۆشنبیرێك ئەوەیە، ئەو سیاسەتمەدارە هەموو جیهان بچووکدەکاتەوە بۆ ئەو ئایدۆلۆژیەتە شمولیەی کە خۆی باوەڕی پێیەتی، لەمەش گرنگتر ئەوەیە هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە گومان و پرسیارەکان بسڕێتەوە، ئەمەش واتە ئایدۆلۆژیای شمولی ئامانجی ئەوەیە یەکبوون و یەکڕیزی و رێکخستنی پتەو لە ریزی ئەندامەکانی دروست بکات بۆ ئەوەی هەموو حزب وەك یەك کەس بیربکاتەوە و وەك یەك کەس رەفتار بکات، بەڵام رۆشنبیر لەناو ئەو یەکێتی و یەکڕیزی و رێکخستنە بەهێزەی نێو ئایدۆلۆژییە شمولیەکان گومان دەوروژێنێت و بۆشایی دروست دەکات، بۆ ئەوەی لەنێو ئەو بۆشاییە پرسیار دروست بکات و فیکری نوێ بێنێتە ئاراوە، رۆشنبیر قەناعەتی بەوەیە لەو کاتەوە هەنگاو بۆ ئاییندەی رۆشن هەڵدەگیرێت، کە ئەقڵی مرۆڤ لە کۆت و بەندە شمولیەکان رزگاری دەبێت و بە دەنگی بەرز رەخنە دەگرێت، ئەم دەنگە بەرزە ئازادە دەبێتە وەڵامی ئەو پرسیارە گەورەیەی کە سەدان ساڵ لەمەوپێش کراوە و رۆژانە دووبارە دەبێتەوە (ئایا رۆشنگەری چییە؟).

لەنێو ئایدۆلۆژیای شمولیدا، حزبی سیاسیی هۆکارێك نییە بۆ رێکخستنی پێداویستی خەڵك و نوێنەرایەتیکردنی خەڵك بۆ دابینکردنی پێداویستیەکان و چارەسەرکردنی کەموکورتیەکان، بەڵکو حزبی سیاسیی خۆی ئامانجە و خەڵك هۆکارە بۆ ئەوەی ئەو حزبە لەبری ئەو خەڵکە قسە بکات و بڕیار بدات، بەدیوێکی دیکە لە ئایدۆلۆژیای شمولیدا حزب لەبەر رۆشنایی خواست و داواکاری خەڵك بەرنامە دانانێت، بەڵکو دەبێت خەڵك لەبەر رۆشنایی بەرنامەی حزبە سیاسییەکە ژیانی خۆی بگونجێنێت. ئەم حاڵەتە ئەو کاتە مەترسیەکەی دەردەکەوێت کە ئەو حزبە شمولیە بگاتە دەسەڵات، ئەوا لەبەر ئەوەی هاوکێشەی کۆمەڵگە تەواو پێچەوانە بۆتەوە و خەڵك ناچارە لەبەر رۆشنایی پرۆگرامی حزبەکە خۆی بگونجێنێت، ئەوا هەمیشە حزبە شمولیەکە سەرکۆنەی ئەو هاووڵاتیانە دەکەن کە نەبوونە کۆیلەی جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە، بۆ ئەوەی لە روانگەی ئایدۆلۆژیای ئەم حزبە شمولیەشەوە ئەو خەڵکانە ناچار بکرێن بەرنامەی حزبەکە جێبەجێ بکەن، ئەوا شێوازی جۆراوجۆری وەك دوورخستنەوە، پەراوێزخستن پیادە دەکات، لێرەوە ئەگەر تەواو بگەڕێینەوە ناو ئەو بازنەیەی ئایدۆلۆژیای حزبی شمولی تیا باڵادەستە، ئەوا هەست دەکەین لەناو ئەو بازنەیە ئەوە خەڵکە رەخنەی لێدەگیرێت، بۆیە خەڵك ئەو بوارەی لێداخراوە دیالۆگ بکات و رەخنە بگرێت، بۆیە یان ئەوەتا باڵادەستی حزبە شمولیەکە بارێکی خامۆشی کپکردنەوە بەسەر کۆمەڵگە دروست دەکات، وەك ئەو حزبە شمولیانەی وڵاتانی بلۆکی سۆشیالیستی پێشوو کە بۆ زیاتر لە ٧٠ ساڵ کۆمەڵگەی داخراویان دروستکرد، یان وەك حزبی عەدالە و تەنمیەی ئیخوان موسلمینی میسر لەماوەی ساڵێکدا فەشەلی هێناو بە یەکجار زیاتر لە ٣٠ ملیۆن هاووڵاتی دژی حکومڕانی ئیخوانەکان هاتنە سەر شەقامەکان و پاشان سوپا بۆ بەرژەوەندی ٣٠ ملیۆن هاووڵاتی خۆپیشاندەر دەستێوەردانی کرد و محەمەد مورسی و ئیخوانەکانی لەدەسەڵات دوورخستەوە.

## ئایدۆلۆژیای شمولی تایبەت نییە بە ئاراستەی فیکرێکی سیاسیی دیاریکراو

خەسڵەتی هاوبەشی نێوان هەموو ئایدۆلۆژییە شمولیەکان لەو خاڵەدا بەرجەستە دەبێت، کە ئەم حزبانە خۆیان هەموو راستیەکانیان لایە و هاووڵاتی یان خەڵك لەو راستیانە تێناگەن، بۆیە لەسەر ئەم راستیانە گومان دروست دەکەن، لەم راستەوە ئەگەر سەیری ئایدۆلۆژیەتە جیاوازەکانی فیکری سیاسیی شمولی بکەین، راستە هەر حزبێك شێوازێك بەکاردەهێنیت لە هەڵسوڕاندنی حزبەکەی، بەڵام سەرەنجام یەك ئاکام، یان ئاکامی هاوبەش بەرهەمدەهێنن، هەر بۆ نموونە ئەگەر هەتا ئێستا تەنیا فیکری ئیسلامی سیاسیی کە ئایین دەکاتە ئایدۆلۆژیا و فیکری کۆمونیستی کە سۆشیالیزم دەکاتە ئایدۆلۆژیا، وەك دوو فیکری شمولی پێناسە کرابن، ئەوا لەگەڵ بەرەو پێشەوەچوونی فیکر و زانست، ئەو راستیە دەرکەوتووە کە لەنێو هەموو فیکرێکی سیاسیی و فەلسەفیشدا، جۆرێك لە ئاڕاستەی شمولی هەیە، هەر بۆ نموونە بیرمەندی فەرەنسی لە کتێبی (رۆشنگەری کوێر کراو)) رەخنە لە عەلمانییەت دەگرێت کە پێشتر لە فەرەنسا پێڕەو کراوە ناوی لێناوە(سکۆلاریزمی کوێرانە) ئەم حاڵەتەی هاوتای فەندەمیتالیزمی ئیسلامی سیاسیی کردۆتەوە، لەمەش گرنگتر بیرمەندی گەورەی عەرەب محەمەد ئەرەگۆن لە کتێبی (لە منهاتنەوە بۆ بەغدا)، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە چۆن ئیسلامی سیاسیی ئایینی کردۆتە ئایدۆلۆژیا، بە هەمان شێوە جۆرج دەبلیو بۆشیش لەدوای کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر، لیبرالیزمی کردۆتە ئایدۆلۆژیا و لەیەکەم کاردانەوەی بەرامبەر ئەو کارەساتە رایگەیاند ئەمە شەڕی کرۆسیدایە

**ئایدۆلۆژیای شمولی ئامانجی ئەوەیە یەکبوون و یەکڕیزی و رێکخستنی پتەو لە ریزی ئەندامەکانی دروست بکات بۆ ئەوەی هەموو حزب وەک یەک کەس بیربکاتەوە و وەک یەک کەس رەفتار بکات**

**لە ئایدۆلۆژیای شمولیدا حزب لەبەر رۆشنایی خواست و داواکاری خەڵک بەرنامە دانانێت، بەڵکو دەبێت خەڵک لەبەر رۆشنایی بەرنامەی حزبە سیاسییەکە ژیانی خۆی بگونجێنێت**

و ئەوەی لەگەڵمان نەبێت دوژمنمانە، تەنانەت لەبواری فیکر و فەلسەفەشدا، هەروەك چۆن كارل ماركس فەلسەفەی كرد بە ئایدۆلۆژیا و راستە توانی بۆ ماوەی زیاتر لەسەدەیەك ئەم فەلسەفەیە بەهەموو جیهان بڵاوبێتەوە و تەنانەت جیهانی دابەشكرد بۆ بلۆكی سۆشیالیستی و وڵاتانی دیموكراتی و جیهانی سێهەم، بەڵام وەك بینیمان ئەم ئایدۆلۆژیەتە شمولیە پێكەوە لەبەر یەكهەڵوەشا، لەدوای شەڕی جیهانی دووەم بیرمەندانی ئەڵمانیا هەوڵیاندا بەجۆرێكی دیكە ئایدۆلۆژیای ماركسی راست بكەنەوە، لەمیانەی دامەزراندنی قوتابخانەی فرانكفۆرتیەوە، بەڵام دیسان لەگەڵ ئەوەی هەوڵیاندا ئەو هەڵانەی ماركس كردوونی ئەوان دووبارەی نەكەنەوە، بەڵام ئەوانی لەبەر ئەوەی تیۆری كۆمەڵگەیان بە تیۆری رەخنە و رەتكردنەوە وەسف كرد، بۆیە ئەوانیش بە تایبەتی نەوەی یەكەمی قوتابخانەی فرانكفۆرتی كەوتنە ئەو هەڵەیەی كە پێیانوابوو قۆناخی مۆدێرنێتە كۆتایی هات و دەبێت قۆناخی پۆست مۆدێرنە دەست پێبكات، بەڵام هابرماس كە نەوەی دووەمی هەمان قوتابخانەیە ئەمەی راستكردەوە و لە هەردوو كتێبی (بەرژەوەندی و مەعریفە، گوتاری فەلسەفی بۆ مۆدێرنە) هەموو ئەو چەقبەستنەی رەتكردەوە و دەرهاویشتە نەرێنییەكانی پێشكەوتنی زانستی خستەڕوو كە ئەم پێشكەوتنانە دەبنە هۆكاری بەرهەمهێنانی بەرژەوەندی بۆ مەعریفە، بۆیە هابرماس راشكاوانە جەختی لەسەر ئەوە كردۆتەوە كە دەبێت بەرژەوەندی مەعریفە بەرژەوەندی رزگاری مرۆڤ بێت نەك بەرژەوەندی پێشكەوتنی ئامێر بۆ بە كۆیلەكردنی مرۆڤ، بۆ ئەمەش ٣ داهێنانی لە چەمكە فیكرییەكان بەرهەم هێنا، ئەویش ئەوەیە كە دەبێت پەیوەندی نێوان ئەقڵ و كار و ئەخلاقی مرۆڤ لەگەڵ زەمەن، پەیوەندیەكی پێكەوەرۆ (التواصلی) بێت، بۆ ئەوەی لەهەموو زەمەنێكدا پرۆسەی مۆدێرنە بەردەوامی هەبێت نەك لە خاڵێكدا رابوەستێت، كە بێگومان وەك قوتابخانەی فیكری فەرەنسی جەختی لەسەر چەقبەستنی ئەو خاڵە دەكردەوە و ناوی لێنابوو كۆتایی مۆدێرنە، هابرماسیش هەستی بەو چەقبەستنە كردووە، بەڵام جیاوازی هابرماس لەگەڵ بیرمەندانی فەرەنسی ئەوەیە، بیرمەندانی فەرەنسی جاڕی كۆتایی مۆدیرنەیان دا، بەڵام هابرماس هەوڵدەدا، ئەو چەقبەستنە بكەوێتە جوڵە و بەردەوام بێت نەك رابووەستێت.

گەڕانەوە بۆ ئەم باكگراوەندە و بەراوردكاری نێوان فیكر و ئایدۆلۆژیا و وەرچەرخانی بەرەو شمولیەت، لە پێناوی ئەوەیە كە بڵێین هەر فیكرێك بكرێتە ئایدۆلۆژیا، ئەوجا ئەو فیكرە بەرهەمی مرۆڤ بێت، یان فیكرێكی ئاسمانی بێت، ئەوا لەبری ئەوەی بكەوێتە خزمەتی مرۆڤایەتی، ئەوا ئازادی مرۆڤ زەوت دەكات، هەر بۆنموونە فیكر و فەلسەفە كە دەكرێت بە ئایدۆلۆژیا، ئەوا دەقاودەق ئایدۆلۆژیا ئەركی فیكر و فەلسەفە پێچەوانە دەكاتەوە، لەبەر ئەوەی فیكر و فەلسەفە لەنێو وروژاندنی گومان و داهێنانی پرسیاردا بۆشایی لەنێوان هەیكەلی یەكبەستووی ئایدۆلۆژیا دروست و رێگەی نوێ بۆ ژیان دەدۆزیتەوە، دۆلۆز وتەنی داهێنانی چەمكی تازەیە لەنێوان سیستمی چەمكەكاندا، بەڵام ئایدۆلۆژیا داخستنی هەموو دەرگاكان و نەهێشتنی گومان و پرسیارەكانە بۆ ئەوەی بەیەك ئاڕاستە بەسەر ئەو رێگەیە بڕۆین كە ئەو ئایدۆلۆژیایە دیاری دەكات، ئەم حاڵەتە بۆ فیكری بەرهەمی مرۆڤ تا رادەیەك ئاساییە، بەڵام كاتێك ئاڵۆزی و ئیشكالیەت دروست دەبێت كە ئایینێكی ئاسمانی بكرێتە ئایدۆلۆژیای حزبێكی سیاسیی و بەناوی قورئان و خواوە سیاسەت بكات، ئەم تێكەڵكردنە كە تێگەیشتنی ئەقڵی مرۆڤ یان گرووپێك یان حزبێكی سیاسییە بۆ تێگەیشتن لە پەیامی پەروەردگار دەگۆڕێت بۆ خودی پەیامەكەی پەروەردگار، ئەوا دەبێتە هۆكاری ئەوەی ئاژاوە و ناسەقامگیری كۆمەڵایەتی و توندوتیژی لەكۆمەڵگە دروست بێت، ئەوا لەم حاڵەتەشدا كە ئایین دەكرێتە ئایدۆلۆژیەت، ئەو حزبە سیاسییە چەند خۆی بە میانڕۆ یان توندڕۆ بزانێت، سەرەنجام یەك ئاكام بەرهەم دەهێنن، هەر بۆ نموونە ئیسلامی سیاسیی توندڕۆ نموونەی بزووتنەوەی تاڵیبانی بەرهەمهێنا كە ئیمارەتی ئەفغانستانی دامەزراند، نموونەی ئیسلامی سیاسیی میانڕۆ ئیخوانەكانی میسرە، كە ئەم میسرەی ئێستای بەرهەم هێناوە كە هەموو جیهان لە دەرهاویشتەی تەنیا ساڵێكی خراپی حكومڕانی ئیخوانەكان و سەرۆكەكەی محەمەد مورسی دەترسن.

## ئایدۆلۆژیای شمولی لە ژینگەی كراوە ناژی و ژینگەی كراوەشی پێ داناخرێت

لە مێژووی فیكری سیاسیدا هیچ ئایدۆلۆژیەتێك وەك ئایدۆلۆژیەتی ماركسی بەهەموو جیهاندا بڵاونەبۆتەوە، تەنانەت لەنێو دەوڵەتانی لیبرال دیموكراتی ئەوروپا و ئەمریكاشدا ئەم ئایدۆلۆژیەتە پێگەیەكی گرنگی هەبووە و تەنانەت ئەو حزبە ماركسیانەشی كە لە ئەوروپا بڕیاریاندا بەشداری ژیانی پەرلەمانی بكەن، بۆ ماوەیەكی درێژ لە زۆربەری وڵاتانی ئەوروپای

**بەراوردكاری نێوان فیكر و ئایدۆلۆژیا و وەرچەرخانی بەرەو شمولیەت، لە پێناوی ئەوەیە كە بڵێین هەر فیكرێک بكرێتە ئایدۆلۆژیا، ئەوجا ئەو فیكرە بەرهەمی مرۆڤ بێت، یان فیكرێكی ئاسمانی بێت، ئەوا لەبری ئەوەی بكەوێتە خزمەتی مرۆڤایەتی، ئەوا ئازادی مرۆڤ زەوت دەكات**

**ئیشكالیەتی دروستبوونی شمولیەت لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت، كە ئەو حزبە سیاسییە عەلمانی بێت یان لیبرالی یان ئایینیی یان كۆمۆنیستی، كە پێی وابێت تەنیا رێگە بۆ رێكخستنی ژیانی كۆمەڵگە پیادەكردنی ئەو ئایدۆلۆژیەتەیە كە ئەو بەڕاستی دەزانێت**




**شۆڕشی ٢٥ ینایری ٢٠١١ لە میسر بۆ کرانەوەی زیاتر و دادپەروەری کۆمەڵایەتی هاتە ئاراوە، بۆ ئەوە بەرپا نەبوو، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی میسری بکرێتە کۆمەڵگەیەکی داخراو**

ڕۆژئاوا و لەڕێگەی سندوقی دەنگدانەوە دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست، کەواتە کێشەکە لێرەدا ئەوەنییە نابێت حزبێك بوونی هەبێت کە بڕوای بە سۆشیالیزم هەبێت، یان بەرنامەی بەو شێوەیە بێت یەکسانی و دادپەروەری لە کۆمەڵگە دابین بکات، هەروەها ئەمە مانای ئەوەنییە حزبێکی سیاسیی بوونی نەبێت کە بڕوای بە ئایین نەبێت، یان بەرنامە سیاسییەکەی بەرگری لە ئایین نەکات، نەخێر مەسەلەکە بەوجۆرە نییە، بەڵکو ئیشکالیەتی دروستبوونی شمولیەت لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەو حزبە سیاسییە عەلمانی بێت یان لیبرالی یان ئایینیی یان کۆمونیستی، کە پێی وابێت تەنیا ڕێگە بۆ ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵگە پیادەکردنی ئەو ئایدۆلۆژیەتەیە کە ئەو بەڕاستی دەزانێت، بۆیە لەم ڕاستەوە کە باسیی ئایدۆلۆژیای شمولی دەکەین، مەبەستمان لە سەپاندنی تەنیا بۆچوونێك و ڕەتکردنەوەی تەواوی بۆچوونەکانی دیکەیە، ئەم جۆرە بۆچوونانە ئامانجیان ئەوەیە کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتگیر وەك ئەو ئایدۆلۆژیەتە بیربکاتەوە و ببێتە کۆیلەی ئەو ئایدۆلۆژیەتە، لەم حاڵەتەدا کە ئامانجی ئەم ئایدۆلۆژیەتە پەرژینکردنی کۆمەڵگەیە، ئەوا هەر کەس بیەوێت ئەو پەرژینە بشکێنێت، دەبێتە دوژمنی ئەو ئایدۆلۆژیایە، بۆیە لە ئایدۆلۆژیای شمولی بەرهەمی مرۆڤدا، بەرنامەی حزبە شمولیەکان لەسەر بنەمای (جێبەجێکردن ئەوجا موناقەشەکردن) بەڕێوە دەچێت و لە ئایدۆلۆژیای حزبە سیاسییە ئیسلامیەکانیشدا لەسەر بنەمای (گوێگرتن و ملکەچکردن بۆ فەرمانە) بەڕێوە دەچێت، هەر کەسێك لەسەر ئەم بنەمایە لابدات ئەوە لەناو ئەو حزبانە جێگەی نابێتەوە، ئەگەر ئەندامی



**ئەو خەڵکانەی کە دژی شێوازی خراپی حکومڕانی مورسی و ئیخوان بوون، تەنیا خەڵکانی عیلمانی نەبوون کە نەیانەوێت گروپێکی ئیخوان موسلیمین حکومڕانی بکات، بەڵکو بێجگە لە هەوادارانی ئیخوان، هەموو میسر بە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینە جیاوازەکانەوە دژی حکومڕانی ئیخوان موسلیمین و مورسی بوون**

ئەو حزبانەش نەبێت، ئەوا بە ئایدۆلۆژیەتی ئیسلامی سیاسی تەکفیری دەکەن و بە ئایدۆلۆژیەتی شمولیش ناشرینی دەکەن.

کەواتە وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد لە هەموو ئایدۆلۆژییەتێکدا ئاراستەیەکی شمولی تێدایە، ئەوا لەناو هەموو فیکرێکی ئەو ئایدۆلۆژیایەش ئاراستەیەکی کرانەوە هەیە، بۆیە ئەگەر پێڕەوانی ئایدۆلۆژیەتێکی دیاریکرا و بگەڕێنەوە بۆ ئەو پاشخانە فیکرییەی ئەو ئایدۆلۆژیەتی لەسەر بونیادنراوە، بۆ ئەوەی دەستبەرداری ئەوەبن کە ئەمە تەنیا ڕێگە و تەنیا ڕاستیە، ئەوا لەم حاڵەتەدا واتە داماڵینی شمولیەت لەو فیکرەی کراوە بە ئایدۆلۆژیەت، بۆیە لەم حاڵەتە دەکرێت فیکرەکە لەگەڵ کۆمەڵگەی کراوە بگونجێت، بەڵام بەمەرجێك قینی پەنگخواردوی خەڵك بەزۆر پەرژینەکە نەشکێنێت، یان کرانەوە وەك تاکتیکێك بۆ مانەوەی ئایدۆلۆژیەتە شمولیەکە پیادە نەکات، بۆیە لەم حاڵەتەدا، ئەوجا چی شکاندنی پەرژینی ئایدۆلۆژیەتەکە بێت یان ئایدۆلۆژیەتەکە وەك تاکتیکێك بۆ مانەوەی خۆی پەنای بۆ بەرێت دەبێتە سەرەتای کۆتایی ئەو ئایدۆلۆژیەتە شمولیە و چیتر لە کۆمەڵگە جێگەی نابێتەوە، لێرەدا دەکرێت چەند نموونەیەك ئاماژە پێبکەین:

١. کاتێك گۆرباچۆف پرۆسەی کرانەوە((گلاسنۆست) ی ڕاگەیاند، گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی کە چیتر ناتوانرێت لەو کۆمەڵگە داخراوەدا هەنگاو هەڵبگیرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی حزبی شیوعی سۆڤیەتی قەناعەتی بەو کرانەوەیە نەبوو، نەیتوانی دەستبەرداری شمولیەت بێت، بۆیە وردە وردە لەناو پرۆسەی کرانەوەدا پوکایەوە

و بەرووخانی دیواری بەرلین ١٩٨٩، گەیشــتە ئەوەی ئیمپراتۆریەتی کۆمارەکانی یەکێتی ســۆڤیەت لەبەر یەك هەڵبوەشێت و ســەرەتای کۆتایی ئایدۆلۆژیەتی کۆمونیســتی وەك ئایدۆلۆژیەتێکی شمولی لەهەموو جیهانــدا کۆتایی پێ بێت، ئــەم دیاردەیەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان ئەو بەڵگە مێژووییەمان بۆ دەردەخات، ئایدۆلۆژیەتی شمولی لەناو ژینگەی کراوەدا دەمرێت و جێگەی نابێتەوە.

٢. میســری ســەردەمی موبارەك بەهەمــوو لایەنە خراپەکانییەوە و بەهەموو ئەو خۆسەپاندنەی کە رژێمی موبارەك پیادەی دەکرد، هێشتا لەرووی کۆمەڵایەتی و هونەرییەوە کراوە بوو، شۆڕشــی ٢٥ ینایری ٢٠١١ بۆ کرانەوەی زیاتر و دادپەروەری کۆمەڵایەتی هاتە ئاراوە، بۆ ئەوە بەرپا نەبوو، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی میســری بکرێتــە کۆمەڵگەیەکی داخراو، بۆیــە دوای ئیخوان موســلیمین دەسەڵاتی گرتە دەست، لەبری ئەوەی کار بۆ ئامانجەکانی شۆڕشــی گەلی میسر بکات، هات کاری بــۆ ئامانجی ئایدۆلۆژیەتی سیاســی ئیخوان موســلیمین کرد، ئەمەش لەبری ئــەوەی دەوڵەت بەو شێوەیە رێکبخاتەوە کە گەلی میسر شۆڕشی لەپێناودا کرد، هاتن بەو جۆرە دەســتیان پێکرد میسر بگۆڕن بۆ دەوڵەتێك لەســەر مۆدێلی ئیخوان موسلمین، ئەمەش واتــە ئەو پەراوێزی کرانەوەی لەمیســر هەبوو ئەویش نەهێڵن و کۆمەڵگەی میســر بکەنــە کۆمەڵگەیەکی داخــراو، ئەمە بووە هۆکاری ئــەوەی ئەگەر لەدژی رژێمەکەی موبارەك یەکــدوو ملیۆن هاووڵاتی رژابنە نێــو مەیدانەکانی تەحریر، ئەوا بۆ لابردنی مورســی زیاتر لە ٣٠ ملیۆن هاووڵاتی رژانە ســەر شەقامەکان و داوای لابردنی مورسیان کرد. کەواتە ئەمەش پێمان دەڵێــت، ئایدۆلۆژیای شــمولی ناتوانێت کۆمەڵگەی کراوە بکاتە کۆمەڵگەیەکی داخراو. بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئیخوان موسلمین دوای ئەم فەشەلە گەورەیە جارێکی دیکە بەشــداری لە پرۆسەی سیاسی میسر دەکەنەوە، بێگومان وەك ئەبوفەزل ئەسناوی سکرتێری نوسینی گۆڤاری سیاسەتی نێودەوڵەتی لە قاهیرە بە گوڵانی راگەیاند، لابردنی مورسی و نەمانی ئیخوان موسلیمین لە حکومڕانی میسر مانای کۆتایی هاتنی ئیسلامی سیاسی نییە، هەروەها ئیخوان موسلیمینیش دەتوانێت بەشــداری پرۆسە سیاسییەکە بکاتەوە ئەگەر هانی توندوتیژی نەدات و ئەوەی قبوڵ بێت ئاراستەی شۆڕشــەکە راســتبکرێتەوە، ئەگــەر لــەم لێدوانەی ئەبوفەزل سەرنج بدەین، بێگومان لێدوانەکە داواکردنە بۆ دەستبەردار بوون لە ئەقڵی شمولی و هەنگاو هەڵگرتن بۆ کرانەوە، خۆ ئەگەر ئەمە نەکەن، ئەوا ئەم فەشەلەی ئیخوان دەبێتە سەرەتای کۆتایی هەموو لقەکانی ئیخوان موسلیمین لە تەواوی ناوچەکەدا.

> **کە کار گەیشتە ئەوەی هەڵبژاردن لەنێوان رێگە چارەی خراپدا بکرێت، ئەوا گومانی تێدانییە، ئەو خراپە هەڵدەبژێردرێت کە کەمترین زیانی هەیە، ئەوەش لابردنی مورسی و دوورکەوتنەوەی ئیخوانەکان بوو، نەک پشتکردنە گەلی میسر**

## سەرەتای کۆتایی ئایدۆلۆژیەتی ئیسلامی سیاسیی

ئەو حزبە سیاســییانەی خۆیان بە پاشــکۆی ئیخوان موســلیمینی میســر دەزانن، یان مەترســی ئەوەیان هەیە فەشــەلی ئیخوانەکان کاریگەری راســتەوخۆ و ناراســتەوخۆی بۆ ئەو ئاراســتە سیاسییە هەبێت کە حزبەکانیان ئاراســتە دەکەن، ئەوا ئەم گۆڕانکارییەی میسر و دوورخســتنەوەی ئیخوانەکان و سەرۆکەکەی لە حکومڕانــی، بە کودەتایەکی ســەربازی ناودەبەن بەســەر دیموکراتیــدا، پرســیار لێرەدا ئەوەیــە تەنیا هەڵبژاردن مەحەکە بۆ شــەرعیەتی حکومڕانی؟ ئایا ســلۆبۆدان میلۆسۆڤیچی ســەرۆکی یوگسلافیای پێشوو سەرۆکێکی هەڵبژێردراو نەبوو؟ ئەمە لەکاتێکدا ناتۆ دەستێوەردانی کرد و نەك هەر لەدەسەڵات دووریان خســتەوە، بەڵکو رەوانەی دادگای باڵای لاهایان بۆ تاوانەکانی جەنگ کرد، ئەمەش مانای ئەوەیە کە کار گەیشتە ئەوەی لەنێوان بەرژەوەندی وڵات و پاراستنی هاووڵاتیان و شــەرعیەتی سندوقی دەنگدان یەکێکیان هەڵبژێرێــت، ئەوا نەك ســوپا، بەڵکــو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش ئەو شەرعیەتەی سندوقی دەنگدان قبوڵ ناکات کە بۆ سەرکوتکردنی گەلەکەی بەکار بهێنرێت، لە مەســەلەی لابردنی مورســی و دوورخســتنەوەی ئیخوانەکان لە حکومڕانی، مەسەلەکە هێشتا بەوجۆرە نییە کە حزبەکانی ســەر بەئیخوان یان حزبە ئیسلامیە سیاســییەکان تەفســیر و تەئویلی بۆ دەکــەن، لەبەر ئەوەی:

١. ئــەو بزاڤەی بەناو یاخیبوون (تمرد) بۆ یاخیبوون و رەتکردنەوەی حکومڕانی ئیخوان و مورســی لە میسر دروســت بوو و زیاتر لە ٣٠-٤٠ ملیــۆن ئیمزای بۆ کۆکرایەوە، ئامانج لێی ئەوەبوو، سەرۆکی لەکارلابراوی میسر وەڵامی داخوازییەکانیان بداتەوە و دەستبەرداری سیاسەتی بەئیخوانکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت بێت، بەڵام لەلایەن ســەرۆکی لەکارلابــراو حکومەتەکەی ئیخوانەوە وەڵامنەدرانەوە.

٢. ئەو خەڵکانەی کە دژی شێوازی خراپی حکومڕانی مورســی و ئیخوان بوون، تەنیــا خەڵکانی عیلمانی نەبوون کــە نەیانەوێت گروپێکی ئیخوان موســلیمین حکومڕانی بکات، بەڵکو بێجگە لە هەوادارانی ئیخوان،

هەموو میسر بە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینە جیاوازەکانەوە، تەنانەت بە حزبی نوری سەلەفیشەوە دژی حکومڕانی ئیخوان موسلیمین و مورسی بوون، لە ڕێوڕەسمی خوێندنەوەی بەیانی دەستەی ئەرکانی سوپای میسر، دانانی مەنسور عەدلی بەسەرۆکی وڵات بەشێوەیەکی کاتی، شێخی ئەزهەر و بەتریارێکی قیبتیەکان و نوێنەری تەواوی لایەنە سیاسییەکانی میسر ئامادەبوون، ئەمەش مانای ئەوەیە ئیخوان موسلیمین بەتەنیا مابوونەوە و نەدەکرا سوپا پشتگیری لە دیکتاتۆرێک بکات و دژی گەلەکەی خۆی ڕابوەستێت.

٣. لەگەڵ ئەوەی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکا، وەك هەڵوێستێك بۆ پشتگیری لە دیموکراتی و ڕێگەنەدان بە دەستێوەرنەدانی سوپا لەکاروباری مەدەنیدا، هەڵوێستێکی ئاشکرایان وەرنەگرتووە بەوەی ئەم دەستێوەردانە کودەتایە، لەگەڵ ئەوەشی ئان پەترسۆن باڵیۆزی ئەمریکا لەگەڵ لابردنی مورسی بەوجۆرە هەڵوێستی دەربڕی کە ئەمە ڕەفتارێکی نادیموکراتیانەیە، هەروەها لەگەڵ ئەوەی حزبی کۆماری ئەمریکا لە کۆنگریس داوا دەکات، ئەم دەستێوەردانە بە کودەتا لەقەڵەم بدرێت، بەڵام ئاراستەی سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکی هەتا ئێستا بەوجۆرەیە کە بە کودەتا ناوی نەبات، لەبەر ئەوەی ئەگەر بە کودەتا ناوی بەرێت، ئەوا دەبێت بەپێی یاساکانی ئەمریکا ئەو هاوکارییە لە میسر ببرێت کە ساڵانە بەو وڵاتەی دەدات، ئەوجا لەبەر ئەوەی هەتا ئێستاش ئەو یارمەتیە بەردەوامە، ئەوا پێناچێت نە ئەمریکا نە دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا وەك کودەتا هەڵوێست بەرامبەر میسر وەربگرن.

٤. هەڵوێستی عەرەبستانی سعودی بە تەرخانکردنی ٥ ملیار و ئیمارات بە ٣ ملیار و کوەیت بە ٣ ملیار، کە دەکاتە ١١ ملیار دۆلار هاوکاری کە بەشێکیان یارمەتی نەختیە و بەشێکی قەرزی دوورمەودای بێ وەرگرتنی سوودە لەبەرانبەردا، بۆ ئێستای میسر زۆر گرنگە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی هێشتا قەتەر هەڵوێستی خۆی نەگۆڕیوە سەبارەت بەراگرتنی ئەو ٨ ملیار دۆلارەی کە پێشتر وەك هاوکاری بە میسری دابوو.

٥. لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی، زۆربەی زۆری وڵاتانی عەرەبی بە لابردنی مورسی و دوورخستنەوەی ئیخوان لە حکومڕانی خۆشحاڵن، لەسەر ئاستی ناوەندەکانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لەرۆژئاوا، ئەو ناوەندانەی ڕاوێژ دەدەنە حکومەتەکانیان، هەموو داوای ئەوە دەکەن، پشتگیری میسر لەم قۆناخە بکرێت بۆ ئەوەی ڕێڕەوی شۆڕشی میسر ڕاست بکرێتەوە و میسر وەك گەورەترین و گرنگترین وڵاتی عەرەبی هەنگاو بەرەو دیموکراتی هەڵبگرێت، هەروەها لەبەر ئەوەی هەتا ئێستا هاوکارییەکانی بانکی نێودەوڵەتی بۆ میسر ڕانەگیراوە، ئەمەش مانای ئەوەیە بانکی نێودەوڵەتی ئەم دەستێوەردانەی سوپای بە کودەتا لەقەڵەم نەداوە.

ئەو خاڵانەی ئاماژەمان پێکردن، هەموویان لە میدیاکاندا ڕۆژانە باسی لێوە دەکرێت، بە مانایەکی دیکە ڕاستە جیهانی ئەمڕۆ لەگەڵ دەستێوەردانی سەربازی نییە بۆ حکومەتێکی هەڵبژێردراو، بەڵام کە کار گەیشتە ئەوەی هەڵبژاردن لەنێوان ڕێگە چارەی خراپدا بکرێت، ئەوا گومانی تێدانییە، ئەو خراپە هەڵدەبژێردرێت کە کەمترین زیانی هەیە، ئەوەش لابردنی مورسی و دوورکەوتنەوەی ئیخوانەکان بوو، نەك پشتکردنە گەلی میسر.

لەم واقیعەدا کە ئێستا ئیخوانەکان دەیانەوێت بە پیادەکردنی توندوتیژی خۆیان فەرز بکەنەوە و بگەڕێنەوە بۆ دەسەڵات، زۆر لە ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لەسەر زاری ئەیمەن زەواهیری سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە پشتگیری خۆی بۆ ئیخوانەکان دەربڕیوە و ئیخوانەکانیش بڕیاریانداوە کە میسر بکەنە ئەفغانستانێکی دیکە، ئەم حاڵەتە ئەوەمان پیشاندەدا، کە لابردنی مورسی و دوورخستنەوەی ئیخوان لە حکومڕانی، شکستێکە بۆ ئایدۆلۆژیای ئیسلامی سیاسی بە هاوشێوەی هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، کە بووە سەرەتای کۆتایی ئایدۆلۆژیەتی شیوعی (بەو شێوە شمولیەی کە بانگێشەی بۆ دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دەکرد)، جیهان بەتەواوی بە هاووڵاتیانی ئێستای ڕوسیاشەوە ئەو ئایدۆلۆژیەتە شمولیەیان ڕەتکردەوە، ئەمەش دەبێتە سەرەتای ئەو کۆتاییەی نەك هەر میسرییەکان بەڵکو هەموو هاووڵاتیانی جیهانی ئیسلامی لەو ڕەوتە ئیسلامیانە دوور بکەنەوە، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا ئەمە بەمانای کۆتایی هاتنی دیاردەی ئیسلامی سیاسیی دێت؟ لەوەڵامدا دەڵێین نەخێر بەو مانایە نایەت، بەڵکو بەو مانایە دێت کە سیمای شمولی لەو ئایدۆلۆژیەتە بکرێتەوە و وەك حزبێکی دیموکراتی مامەڵە لەگەڵ دامەزراوەکانی دەوڵەت بکەن، نەك دەوڵەت و دامەزراوەکانی بکەنە میزاجی ئایدۆلۆژیەتی سیاسیی خۆیان و هەوڵبدەن دەوڵەت لە دەوڵەتێکی مەدەنییەوە بگۆڕن بۆ دەوڵەتی حزبێکی ئیسلامی سیاسی.

**لابردنی مورسی و دوورخستنەوەی ئیخوان لە حکومڕانی، شکستێکە بۆ ئایدۆلۆژیای ئیسلامی سیاسی بە هاوشێوەی هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو**



**ئەبولفەزڵ ئەلئیسناوی**
**سکرتێری نووسینی گۆڤاری (السیاسة الدولیة ) بۆ گوڵان:**

# ئیخوان موسلمین ئەگەر پەنا بۆ توندوتیژی ببات، ئەوەی بە ٨٠ ساڵ بینای کردووە بەدەستی خۆی دەیروخێنێت

**ئەبولفەزڵ ئەلئیسناوی سکرتێری نووسینی گۆڤاری (السیاسة الدولیة) کە لەسەنتەری ئەهرام دەردەچێت و یەکێکە لە تۆژەر و شرۆڤەوانە بەتواناکانی میسر و تایبەتمەندە لە بواری ئیسلامی سیاسی، پەیامنێرمان لە قاهیرە سەبارەت بە ئاییندەی ئیخوان موسلمین دوای دوورکەوتنەیان لە حکومڕانی، چەند پرسیارێکی ئاڕاستەکردووە و بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستۆتەروو.**

((پێموانییە بە لادانی سەرۆك محەمەد مورسی و دەرچوونی ئیخوان موسلمین لە حوکمڕانیی، دیاردەی ئیسلامی سیاسی لە میسر کۆتایی بێت، لەبەر ئەوەی ئیسلامی سیاسیی خۆی لە چەندین رێکخراو و پێکهاتەدا دەبینێتەوە لەوانە سەلەفییەکان بە هەردوو باڵی سیاسییانەوە(حزبی نور و حزبی وەتەن)یان کۆمەڵی ئیسلامی ئەویش بریتییە لە باڵە سیاسییەکەی حزبی بینا و تەنمیە، یاخود کۆمەڵی ئیخوان موسلمین کە بەم دواییە لە دەسەڵات لادرا، بۆیە من وای دەبینم یان خوێندنەوەی من بۆ ئیسلامی سیاسی لە دوای گۆڕانکارییەکانی ٣٠ یۆنیۆ، حزبە سیاسییە ئیسلامیەکان دەبێت دوو لەو رێچکانە بگرێتەبەر:

رێچکەی یەکەمیان: بەشداری کردنێکی سنووردار، واتا دیاردەی ئیسلامی سیاسی هەر بمێنێت، هێزی رێکخستن و پاڵپشتی دارایی و مانەوی بۆ رەوتی سەلەفی بەهۆی هەڵوێستە گشتییەکەی لە ئاکامەکانی درێژەدان بە شۆڕشی ٢٥ی یەنایەر لە ٣٠ یۆنیۆدا، هاوکات دەستپێشخەریان هەبێت بەوەی رێگە بەکاری توندوتیژی نەدەن، هەروەها قایلبن بە راستکردنەوەی رێبازی شۆڕش، ئەمانە دەبنەهۆی ئەوەی ئەو حزب و رەوتە ئیسلامییانە لەگەڵ قۆناغە تازەکەدا بگونجێن، هەتا ئەگەر بە شێوەیەکی کەمیش بەشداری لە پەرلەماندا بکەن لە میانی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمان، بە چاوپۆشی لە بیروبۆچوون و هەڵوێستەکانی جەماوەر بەرامبەر بە رەوتەکانی ئیسلامی سیاسی، ئەویش بە هۆی ئەو توندوتیژییەی کە گرووپی ئیخوان موسلمین لە شەقامی میسریدا بەرپایان کردووە دوای لابردنی سەرۆکەکەیان، بۆیە دەرئەنجام ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە دیمەنی ئیسلامی سیاسی لە میسر بەبێ ئیخوانیش بەردەوام دەبێت تەنانەت ئەگەر قایل نەبوون بەشداریی سیاسییش بکەن.

رێچکەی دووەم: پاشەکشەیەکی رێژەییانەی دیاردەی

ئیسلامی سیاسی بۆ ماوەیەکی درێژ لە نێوان ٥ تا ١٠ساڵ، هەروەکو ئەوەی کە لەگەڵ رەوتە ئیسلامیەکانی جەزائیر روویدا، بەڵام ئەم رێچکەیە دەوەستێتەسەر خێرایی دەرك پێکردنی گرووپی ئیخوان موسلمین بە هەڵەکانی و دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی و دانووستان لەگەڵ شەقامی سیاسی.

لەبەرامبەر ئەمەدا دەکرێ ئاماژە بە چەند سیناریۆیەك بدرێت کە پەیوەستە بە رەفتاری گرووپی ئیخوان موسلمین لەهەمبەر پێکهاتەکانی دەوڵەتی میسری.

سیناریۆی یەکەم: ململانێی سەربازی، واتا گرووپی ئیخوان واز لە کاری سیاسی دێنن و پەنا دەبەنەبەر توندوتیژیی چەکدارانە، وەك بژاردەیەك بۆ دووپاتکردنەوەی شەرعییەتی سەرۆك مورسی، دیارە ئەم سیناریۆیەش پشت دەبەستێ بە شێوازی رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆ لەگەڵ دەسەڵاتی تازەدا بە سەرۆکایەتی سەرۆکی کاتی عەدلی مەنسور، لەپاڵ بەرزکردنەوەی چەك بەڕووی ئەو میسرییانەی پشتگیریی ٣٠ یۆنیۆ دەکەن، بۆیە لە حاڵەتێکدا ئەم سیناریۆیە روویدا ئەوا گرووپی ئیخوان موسلمین ئەوەی ٨٠ ساڵە بینایان کردووە هەمووی دەدۆڕێنن، تەنانەت ئەمە دەبێتە هۆی کۆتایی هاتنی پرۆژەی ئیسلامی سیاسی بە هەموو پێکهاتەکانییەوە، ئەم سیناریۆیە رێك وەکو ئەوەی جەزائیرە کە لەئاکامدا کوژرانی ١٠٠ هەزار کەسی لێکەوتەوە.

سیناریۆی دووەم: پاشگەزبوونەوەی ئەو لایەنە توندڕۆیانەن جا لە هەندێ لە سەرانی ئیخوان موسلمین بێت یان لە رەوتی سەلەفی جیهادی لە سینا، لەم سیناریۆیەدا توندوتیژخوازان دەرك بەوە دەکەن کە بەردەوامبوونیان لەم رەفتارەدا هەڕەشەیە بۆ سەرجەم پرۆژەی ئیسلامی، دواتر رایدەگەیەنن کە گەڕانەوە بۆ دیالۆگی سیاسی پێویستە و لە بەرژەوەندیی ئاییندایە. رەنگە لایەنگرانی ئەم سیناریۆیە براگماتییە چاکسازیخوازەکان بن لەنێو گرووپی ئیخوان موسلمین، کە داوایان لە مورسی کردبوو رکابەریی نەکات لەگەڵ داخوازیی گەل بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە، هەروەها پەنا نەباتە بەر توندوتیژی هەروەکو حەسەن بەننا گوتویەتی: ((ئەوانەی چەك بەکاردێنن ئیخوان نین و موسڵمانیش نین)) بۆیە وا چاوەڕوان دەکرێت ئەگەر ئەم سیناریۆیە جێبەجێکرا، ئەوا زۆر بە خێرایی بەڕێوە دەچێت، بە تایبەتی بەپێی پرانسیبی گوێڕایەڵی توند کە لە نێو ئیخواندا بوونی هەیە.

سیناریۆی سێیەم: بریتییە لە دووبارەکردنەوەی ئەزموونی (ئەربەکان- ئەردۆغان)کە ئەردۆغان توانی تەنگژەی زیندانی کردنی ئەربەکان بقۆزێتەوەو جارێکی دیکە بزووتنەوەی ئیسلامی بنیادبنێتەوەو بگاتە کورسیی دەسەڵات، ئەم سیناریۆیەش ئەوە دەخوازێت کە ئیخوان بە خێرایی شکستی خۆیان بەلاوەبنێن و لۆژیك بەسەر سۆزدا زاڵبکەن، ئەم سیناریۆیەش پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی بە پەلەو ناوخۆی ئیخوان هەیە، واتا بە زووترین کات سەرکردە کۆنەکانیان بە سەرکردەی گەنج بگۆڕنەوە کە بۆچوون و دیدێکی سەردەمیانەیان هەیە.

بە بۆچوونی من ئەمەش پێویستی بە دەرچوون لەم تەنگژەیە هەیە لەوانەی کە دوای ٣٠ی یۆلیۆ دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە ئەویش بە میانگیریی سیاسی بە تایبەتیش لە سەرکردایەتییە ئایینییەکانی حزبی نور و دەعوەی سەلەفی کە بەشداربوون لە داڕشتنی نەخشەڕێگای تازە بۆ قایلکردنی ئیخوان تاکو واز لە رێچکەی توندوتیژی بهێنن کە دوای ٣٠ی یۆنیۆ سەری هەڵدا، بە تایبەتی کە فتوایەك لە دکتۆر یاسر بەرهامی گەورە شێخی دەعوەی سەلەفی هەیە کە(شەرع رێگە ناگرێت لە بانگەوازکردن بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختەی سەرۆکایەتی لەپێناو نەڕشتنی خوێن)، لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە ستراتیژییەتی تێکەڵکردنی گرووپی ئیخوان موسلمین و گرووپی لایەنگرانی ئەو لە گرووپەکانی دیکەی ئیسلامی سیاسی لە حاڵەتێکدا ئەگەر وازیان لە توندوتیژی هێنا، ئەمە لە دەسەڵاتی کاتی دەخوازێت کە چەندین داواکاری بەدی بهێنێت، لەوانە لانەدانی هیچ گرووپێکی ئیسلامی سیاسی لە پرۆسەی سیاسیی ئێستای وڵات، هەروەها گفتوگۆی سیاسیی بەردەوام هەر لەگەڵ وەستانی توندوتیژی لەلایەن گرووپی ئیخوان موسلمینەوە تاکو ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزی سیاسی بێتەئاراوە، لە جیاتی ئەوەی ببنە میلیشیاو بە شەقامەکاندا بڵاوببنەوە و لە مەیدانەکان دژی سوپاو پۆلیس و هاووڵاتیانی سڤیل سەنگەربگرن، هەروەها پێویستە دەسەڵاتی ئێستای میسر پەلاماری سەرکردەکانی ئیخوان نەدەن و دەستگیریان نەکەن تەنیا بە یاسا نەبێت، لە هەمان کاتیشدا حزبە مەدەنییەکان گوتاری سیاسییان بەرامبەر گرووپەکانی ئیسلامی سیاسی سووکتر بکەن، پێویستیشە گەنجانی توندڕۆی ئەم گرووپانەش هۆشیاربکرێنەوە کە ئەگەر لەو توندوتیژییە بەردەوام بن ئەوا وڵاتەکە بەرەو شەڕی ناوخۆ دەبەن.

**دیمەنی ئیسلامی سیاسی لە میسر بەبێ ئیخوانیش بەردەوام دەبێت تەنانەت ئەگەر قایل نەبوون بەشداریی سیاسییش بکەن**

**ستراتیژییەتی تێکەڵکردنی گرووپی ئیخوان موسلمین و گرووپی لایەنگرانی ئەو لە گرووپەکانی دیکەی ئیسلامی سیاسی لە حاڵەتێکدا ئەگەر وازیان لە توندوتیژی هێنا، ئەمە لە دەسەڵاتی کاتی دەخوازێت کە چەندین داواکاری بەدی بهێنێت**



# ڕاستییە بنەڕەتییەکان لەبارەی پشێوییەکانی میسرەوە

دۆغو ئەرگیل*
تایبەت بە گوڵان ئامادەی کردووە



قەیرانی بەردەوامی میسر بەم زووانە کۆتایی نایەت، ئەمەش بە ئاسانی ئەو ڕاستییەی خستەڕوو کە سوپا کودەتایەکی ئەنجامداوە کە نوێنەرایەتی هاوپەیمانێتی گرووپگەلێك دەکات کە بەرژەوەندیی جیاوازیان هەیە. ئەم بەرژەوەندییانە سەرچاوەی هەمان ئەو کێشە و تەحەددیاتانەن کە بوونە هۆی ئەوەی لە ماوەی یەك ساڵدا دەسەڵاتی سەرۆك موحەمەد مورسی بڕووخێت، ئەمە ئەو وتەیەمان بیر دەخاتەوە کە دەیگوت «ئەی گەمژە مەسەلەکە ئابوورییە!» لە ڕاستیدا سەرچاوەی هەموو کێشەکان بریتییە لە دانیشتووانی زۆر و بێ بەرهەم کە ناتوانرێت بەهۆی یارمەتیی سیستەمی سیاسیی دەوڵەتی ناوەندەوە بایەخیان پێبدرێت.

تەنانەت نەگۆڕە سەرەکییەکانی ژیانی ڕۆژانە، وەك گەنم بۆ نان و سووتەمەنی بۆ ئۆتۆمۆبێل بوونەتە کاڵای دەگمەن. ڕەسیدی ئابووریی میسر لە کەمبووندایە. ئەوەندەی پارە دەچێتە دەرەوە، ئەوەندە پارە نایەتە وڵاتەکەوە «Balance of payments» ئەمەش فشارێکی زۆری لەسەر سەرچاوەکانی بانکی ناوەندی دروستکردووە. گەنم و سووتەمەنی هاوردەکراو بە هاوکاری و یارمەتیی حکومەت جێبەجێ دەکرێت. ئەمە بارگرانییەکی زۆرە بەسەر بودجەوە کە کورتهێنانیش بەردەوام لە زیادبووندایە. کەمیی ئاڵ و گۆڕی دەرەکی حکومەت(حکومەتەکان) بێتوانا دەکات لە دابینکردنی دارایی بۆ دابینکەران. ئەمەش سەری کێشا بۆ کەمبوونەوەی کاڵا بەکاربراوەکان و زیادبوونی نرخ.

هەوڵی حکومەتەکانی میسر بۆ هەڵگرتنی ئەم هاوکارییە لە ڕابردوودا، بووە هۆی سەرهەڵدانی پشێویی بەربڵاو. ئێستا حکومەتی نوێ دەرفەتی ئەوەی هەیە کۆتایی بەم هاوکارییە بهێنێت و ڕێگە بە بەرزبوونەوەی نرخەکان بدات بۆ ئەوەی وشکبوونی گەنجینەی نەتەوەیی ڕابگرێت. بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی ئەو پشێوییەی لە میسردا هەیە، ئەوا ئەگەرێکی زۆر دوورە ئەم سیناریۆیە ڕووبدات. نان خۆراکێکی



جێگیرە و بۆ چەندین دەیە لەلایەن حکومەتەوە هاوکاری بۆ دابین کراوە. میسر تەنیا نیوەی ئەو گەنمە بەرهەم دەهێنێت کە بەکاری دەبات، ئەویش لەبەر ئەوەی وەك پێویست زەوی نییە کە قابیلی کشتوکاڵکردن بێت. کەواتە وڵاتەکە لە بارێکدایە بکەوێتە ژێر کاریگەریی بارودۆخی بازاڕی نێودەوڵەتییەوە.
ئەوەی وای کردوە کەمیی خۆراك خراپتر بێت، گەشەی دانیشتووانە. ناوچە شارنشینەکان زۆر چڕن لە ڕووی دانیشتووانەوە و تا دێت چڕتر دەبن. نارەزایی و پێشبینییەکان زۆر بە ئاسانی بۆ گرووپە بەربڵاوەکان لە ژیانی شاردا بڵاودەبێتەوە. بۆ هەر ١٠٠٠ کەسێك ٣٢ کەس لە دایك دەبن کە ئەمەش کارێکی کرد کە دانیشتووانی میسر لە ساڵی ٢٠١٢دا بگاتە ٨٤ ملیۆن کەس. پێشبینی دەکرێت دانیشتووانی میسر لە ساڵی ٢٠٣٠دا بگاتە زیاتر لە ١٠٠ ملیۆن کەس. ئەمە بەو مانایە دێت کە وڵاتەکە لە ژێر فشاردا دەبێت بۆ دابینکردنی خۆراك بۆ دانیشتووانێکی ڕوو لە زیاد. لەوەش زیاتر، ژمارەیەکی زیاتری گەنجان داوای کار و هێنانەدی خواستەکانیان دەکەن، کاتێك بەراوردی بارودۆخی خۆیان بە هاوشانەکانیان لە وڵاتانی دیکەدا دەکەن. ئەگەر حکومەتێکی خۆسەپێن لەبری هێنانەدی داواکارییەکان سەرکوتیان بکات ئەوا پتر دەکەونە بارێکی دژوارەوە لەگەڵ گەنجاندا.
ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە ئەم کێشانە دەقا و دەق ئەو کێشانە بوون کە بوونەهۆی ڕووخانی ڕژێمەکەی حوسنی موبارەك. هەژارییەك کە بەری پێناگیرێت، نەبوونی بەرهەمی پێویست و کەڵەکەنەبوونی سەرمایە و کەمیی هەلی کار لە بازاڕدا لەبەرامبەر زیادبوونی ژمارەی گەنجاندا، هەموو ئەمانە هۆکاری ڕیشەیی ڕاپەڕینەکانی ئێستا و ئاییندەی میسرن. هەم موبارەك و هەم مورسیش قوربانی ئەم کێشە بونیادیانەن کە زاڵبوون بەسەریاندا زەحمەتە و بوونەتەهۆی ناسەقامگیرکردنی وڵاتەکە. جیاوازیی گەورە لە نێوان ئەم دوو سەرکردەیەدا ئەوەیە کە ئەمەی دوەمیان یەکەم سەرۆکە کە بە شێوەیەکی دیموکراتییانە هەڵبژێردراوە. کەواتە ئەو ڕێگەیەی پێی هێنرایە خوارەوە پەڵەی ناشەرعییەتی پێوەیە.
تاوەکو ئێستا میسر سەرکەوتوو بووە لە بەدەستهێنانی دەستکەوتی ستراتیجی لە ئەمەریکا و وڵاتە عەرەبییەکانی وەك قەتەر، سعودیە و پێشتر عێراق و لیبیا، ئەویش لە ڕێی بەکارهێنانی پێگە سەرکردایەتییە تەقلیدییەکەیەوە لەسەر دووڕیانی باکووری ئەفریقیای عەرەبی و حەوزی باشووری دەریای سپی ناوەڕاست. لەبەر ئەوەی کەناڵی سویسی کۆنترۆڵ کردووە کە بەشێکی ستراتیژیی سەرچاوە سرووشتییەکانی جیهانی پێدا تێدەپەڕێت، کارێکی کردووە سەقامگیری میسر جێی بایەخ و نیگەرانیی زۆرێك لە وڵاتان بێت. بەڵام تاوەکو میسر کێشە سەرەکییەکانی خۆی چارەسەر نەکات کە لە هەر کاتێکدا بۆیان هەیە ئەو وڵاتە بەرەو پشێوی ببەن، ئەوا سەقامگیرییەکەی کەلێنێکی ڕەشی دارایی بۆ لایەنگرانی دێنێتە ئاراوە.
ڕەنگە حکومەتی نوێ بتوانێت دەرگای گفتوگۆ لەگەڵ سندوقی نێودەوڵەتیی دراو بکاتەوە بۆ ئەوەی تا ڕاددەیەك هاوکاریی دارایی بکات، لە کاتێکدا کە ئەم گفتوگۆیانە ڕاگیرابوون، لەبەر ئەوەی وا هەژمارکرا کە سەرکردایەتیی ئیخوان موسلمین وەك پێویست « دۆست یان سەقامگیر» نەبوون. دەبێت چاوەڕوان بین و ببینین کە ئایا حکومەتی نوێ سەقامگیریی سیاسیی پێویست دەستەبەر دەکات، لە کاتێکدا کە کەلێنی نێو کۆمەڵگە بەرفراوانتر دەبێت و ناکۆکییەکانی نێوان لایەنە بەرهەڵستکارەکانیش توندتر دەبن. لە هەر حاڵەتێکدا، کە فشاری دیموگرافی و کەم و کورتیی ئابووری بەردەوام بن، ئەوا بەڕێوەبردنی میسر و پاراستنی سەقامگیریی ئەو وڵاتە وەك تەحەددیەکی ڕاستەقینە دەمێنێتەوە بۆ هەر کەسێك بوێری ئەوە بخاتەڕوو حکومەتی وڵاتەکە بگرێتەدەست.

**ڕەنگە حکومەتی نوێ بتوانێت دەرگای گفتوگۆ لەگەڵ سندوقی نێودەوڵەتیی دراو بکاتەوە بۆ ئەوەی تا ڕاددەیەک هاوکاریی دارایی بکات، لە کاتێکدا کە ئەم گفتوگۆیانە ڕاگیرابوون، لەبەر ئەوەی وا هەژمارکرا کە سەرکردایەتیی ئیخوان موسلمین وەک پێویست «دۆست یان سەقامگیر» نەبوون**

---

*** ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فاتح لە تورکیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر دۆزی کورد و یەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی تورکیا**



# فیلیپ کۆرکیوف

بۆ گۆڤاری گوڵان:

## مارکسیستەکان ڕێگا نادەن ئەو دیوە نەخوێنراوانەی مارکس هەڵدەینەوەو بیانخوێنینەوە

سازدانی گفتوگۆ: عادل باخەوان



**فیلیپ کۆرکیوف، پرۆفیسۆر لە زانکۆی لیۆن، ئەو سۆسیۆلۆگەیە کە بیریارە عەرەبەکان، لە جابرییەوە تا حەرب، وەک سەرچاوەی تێگەیشتن لە فیکری فەرەنسی پۆست ٦٨ بەکاری دەهێنن. عەلی حەرب دەڵێت: بۆ تێگەیشتن لە پیەر بۆردیۆ، دەبێت بە فیلیپ کۆرکیوفدا تێپەڕین. ئەم قسەیەی حەرب، هەرچەند زیادڕەوی تیادایە، بەڵام بە جۆرێک لە جۆرەکان دەمانباتەوە سەر ئەو واقیعەی کە کۆرکیوف دروستی کردووە. گومانی تیادا نییە کە ئەو یەکێکە لەو بیریارانەی کە ناتوانێت لەبەرامبەریدا بێلایەن بیت، یەکێکە لەو کەسانەی کە تێزەکانی یان دەتکاتە دۆست یان ناحەز. بۆ بەشێک لە فەرەنسییەکان کۆرکیوف«مونەزیر»و وەک سەرچاوەی ئیلهام تەماشای دەکەن، بەڵام بۆ بەشێکی دیکە لە خراپترین رۆشنبیرانی مێژووی فەرەنسایە. بەڵام لە راستیدا حەقیقەت نە لای دۆستەکانیەتی نە لای ناحەزەکانی. بۆ تێگەیشتن لە کۆرکیوف باشتر وایە کە گوێ لە خۆی بگیرێت. مونەزیری پۆست پیەر بۆردیۆ، پۆست کارل مارکس، پۆست ئێمیل دۆرکایم، لە سیمینارەکانی کۆرکیوفدا کە بە سەدان کەس هەفتانە بەشداری تیادا دەکەن، دەیبەیتێکی هەمیشە بەڕێوەیە. کۆرکیوف، کە رۆژێک لەلایەن زانکۆکانی یابان و رۆژێکی دیکە لەلایەن زانکۆکانی بەرازیلەوە داوەت دەکرێت، چەند لەسەر ئاستی جیهان دەکشێت، هێندەش خۆی خاکی دەکاتەوەو نایەوێت لە ژیانی رۆژانەی پرۆژە سیاسییەکان دوور بکەوێتەوە. پارادۆکسی کۆرکیوف لەوەدایە کە لەیەک کاتدا سۆسیۆلۆگێکی گەورەیەو لە گرووپێکی چەپی چەپیشدا سیاسەت دەکات و پێیوایە ئەم دوو چالاکییە هیچ لێکدژییەک لە نێوانیاندا نییە.**

**گوڵان:** ئێوە یەکێکن لەو سۆسیۆلۆگانەی کە زیاتر لە بیست ساڵە لەسەر سۆسیۆلۆژیای پیەر بۆردیۆ کارتان کردووە، بە رادەیەك کە لە ئێستادا توانیوتانە رووبەرێکی دیکە دروست بکەن بەناوی رووبەری پۆست پیەر بۆردیۆ. ئەوەی لێرەدا بەلای ئێمەوە گرنگە، چۆنییەتی روانینی ئێوەیە بۆ پیەر بۆردیۆ و پاشان چۆنیەتی دروستکردنی رووبەری پۆست پیەر بۆردیۆیە.

**فیلیپ کۆرکیوف:** سۆسیۆلۆژیای پیەر بۆردیۆ زانستێکی «رەخنەییە» کە کلیک لەسەر زنجیرەیەك ستراکتۆری کۆمەڵایەتی دەکات. ئەم ستراکتۆرانە لەیەک کاتدا لەلایەن جەستەی مرۆڤ و دەزگاکانەوە هەرسکراون. بۆردیۆ ئەم پرۆژەیە لە رێگای دوو چەمکی سەرەکییەوە جێبەجێ دەکات؛ چەمکی ئەبیتیوس (جیهان بەو شێوەیەی کە کەسەکان بە شێوەیەکی ناوشیارانە رایدەکێشنە نێو جەستەی خۆیانەوە)، هەروەها چەمکی کێڵگە (کە رووبەری هەموو ئەو دەزگایانەیە کە ئەو ستراکتۆرە کۆمەڵایەتیانە دەخاتە نێو رەوتی بابەتی بوونەوە).

لە سۆسیۆلۆژیای بۆردیۆدا کۆمەڵگە بریتییە لە پانتایی بەیەکگەیشتن و بەریەککەوتنی هەردوو چەمکی ئەبیتیوس و کێڵگە کە دواتر زەبروزەنگی رەمزیش وەك چەمکی سێیەم دێت و دەستوەر دەداتە نێو رەوتی رووداوەکانەوە. زەبروزەنگی رەمزی بریتییە لە چوارچێوەی «نا-ئیرادی» دانانی بە هەژموونی هەژمووندارا‌ن لەلایەن هەژموون لەسەرکراوەکانەوە. هەژموون لەسەرکراو پێدەنێتە نێو کردەی هەژموونەوە و ئینتیمای پێوەدەکات، چونکە وەك دۆخێکی ئاسایی تەماشای دەکات و پێیوایە هیچ گرفتێکی تیادا نییە کە لەلایەن هەژمووندارەوە هەژموونی بەسەردابکرێت. ئەم کەسە وشیار نییە بەوەی کە ئەوەی روودەدات، جۆرێکە لە هەژموونی تاک لایەنانەی بیناکراو لەسەر بەرژەوەندی ئەویتر.

ئەمە چوارچێوەی گشتی سۆسیۆلۆژیای رەخنەیی پیەر بۆردیۆیە. ئێمە لە رێگای زنجیرەیەك توێژینەوەی تیۆری و مەیدانیی رەخنەییەوە هەوڵمانداوە چەند تێزێکی دیکە گەشە پێ بدەین و پاشان پانتایی پیەر بۆردیۆ تێبپەڕێنین. لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا لەگەڵ لوك بۆلتانسکی و لۆران تیڤنۆدا، شتێکمان دروستکرد بەناوی سۆسیۆلۆژیای پراگماتیك کە کاری لەسەر دینامیکی «ئەنتەرئەکسیۆن»، توانایی رەخنەگرانەی ئەکتەر لەبەرامبەر ستراکتۆرە کۆمەڵایەتیەکاندا دەکرد، ئەکتەرێك کە بەتەواوی و ناوشیارانە هەژموونی بەسەردانەکراوە، بەڵکو دەتوانێت قسەبکات و تواناکانی خۆی بەردەوام بۆ ململانێ بانگهێشت بکات. لەپەنای ئەم پرۆژەیەی ئێمەدا، سۆسیۆلۆژیای پیەر بۆردیۆ دەکەوێتە ژێر شاڵاوی رەخنەی فەلسەفیشەوە، بەتایبەتی ئەوانەی کە کار لەسەر فەلسەفەی سیاسی بەگشتی و هەژموون

و رزگاری بەتایبەتی دەکەن. رەخنەی ئەم فەیلەسوفانە لە بۆردیۆ ئاراستەی ئەو تێزانەی کراوە کە بەهیچ شێوەیەك دەرگا لەسەر رزگاربوونی ئەکتەر لە هەژموون ناکەنەوەو وا ئەکتەر وێنادەکەن کە لە زیندانێکی کۆمەڵایەتی هەمیشەییدا بێت. ئەم فەیلەسووفانە وەك ئێمە، کلیک لەسەر تواناییەکانی خۆ رزگارکردن لە هەژموون و چوونە دەرەوە لە نا دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەکەن. ئەوان پێیانوایە هەموو سۆسیۆلۆژیای پیەر بۆردیۆ لەسەر نایەکسانی کۆمەڵایەتی دروستکراوە، بەڵام ئەم سۆسیۆلۆژیایە ناتوانێت پێمان بڵێت: چۆن لە نایەکسانی کۆمەڵایەتی بێینە دەرەوە.

بۆلتانسکی لە دوا کتێبیدا بەناوی «سەبارەت بەرەخنە»و منیش لە دوا کتێبمدا بەناوی «رەخنەی کۆمەڵایەتی بەرەو کوێ»، هەوڵمانداوە کە لەیەک کاتدا رووناکی بخەینە سەر کۆی ئەو ستراکتۆرە کۆمەڵایەتیانەی کە هەلومەرجی هەژموونی کەسێك بەسەر کەسێکی دیکەدا ئامادە دەکەن، بەڵام لەهەمانکاتدا رووناکیمان خستووەتە سەر تواناییەکانی خودی هەمان هەژموون لەسەر کراو بۆ چوونە دەرەوە و خۆ رزگارکردن. واتە تەواو بە پێچەوانەی پیەر بۆردیۆوە ئێمە ئەکتەری کۆمەڵایەتی ناخەینە نێو زیندانێکی هەمیشەییەوەو پێمانوایە کە یەکجار بۆ هەمیشەیی مەحکومە.

**گوڵان:** بەڵام ئێوە لە یەکێك لە کتێبەکانتاندا بەناوی «پیەر بۆردیۆ: لەرزۆکیەکانی سۆسیۆلۆگێك»، باس لە چەند فۆرمێکی جیاواز لە ئامادەبوونی کەسی تاك، فەردانییەت، لای پیەر بۆردیۆ دەکەن. دەمەوێت بڵێم، لەکاتێکدا کە خودی خۆتان پیەر بۆردیۆ وەك سۆسیۆلۆگی رەخنەگر لە ستراکتۆرە کۆمەڵایەتیەکان و وەك سۆسیۆلۆگی هۆلیست و وەك سۆسیۆلۆگی گشتەکان دەناسێنن و رەخنەی لێدەگرن، لەهەمان کاتداو لەو کتێبەتاندا باس لە ئامادەبوونی تاك لە سۆسیۆلۆژیای ئەودا دەکەن. چۆن لەگەڵ ئەم پارادۆکسەدا مامەڵە دەکەن؟

**فیلیپ کۆرکیوف:** تۆ لە نزیکەوە ئاگات لێیە کە یەکێك لە پرۆژەکانی من بریتییە لە خوێندنەوەی نەخوێندراوەکان. هەروەك مارکسیستەکان رێگانادەن کە ئەو دیوە نەخوێنراوانەی مارکس هەڵدەینەوەو بیانخوێنینەوە؛ کە من لەیەکێك لە کتێبەکانمدا وەك ئاگاداریت باسم کردووە، ئاواش بۆردیۆیستەکان رێگا نادەن کە برۆینە ئەودیو کەوالیسەکانی بۆردیۆوە و شتەکان وەك خۆیان ببینین. بێگومان بەبێ شکاندنی ئەم زنجیرە پۆلاینانەی کە لایەنگرانی بۆردیۆ بەدەوەری سۆسیۆلۆژیای ئەودا دروستیان کردووە، ئەستەمە بتوانین هەموو شتەکان ببینین.

لە کارگە زانستیەکەیدا پیەر بۆردیۆ لەچەندین جێگادا باس لە ئەبیتیوسی تاك دەکات. لە توێژینەوەکانیدا لەسەر هونەر، لەسەر هایدگەر، لەسەر جیاکاری، تەنانەت لە کتێبی کلۆڵی جیهانیشدا تیشکی خستووەتە سەر ئەم دیاردەیەو باس لە تاقانەیی کەسەکان دەکات. کاتێك پیەر بۆردیۆ باس لە چینی کۆمەڵایەتی دەکات، دەبێت تێبگەین لەوەی کە هەمان باسکردنی کارل مارکس لە چین نییە. چینی بۆردیۆ بریتییە لە پێکهاتەیەك لە تاکە تاقانەکان. بۆنموونە چینی ژنان لە بەرامبەر چینی پیاواندا، چینی کرێکاران لە بەرابەر چینی بۆرژواکاندا، تاد... ئەم چینانە پێش هەر شتێك چینی کەسە تاکە تاقانەکان. ئەوەی چینە کۆمەڵایەتیەکان لای بۆردیۆ دروست دەکات ئامادەیی خواستی هاریکاریە لەنێوان ئەندامانی چینێکیدا. واتە کەسی تاك لەنێو ئەبیتیوسەکەیدا زیاتر لە شووناسێکی هەیە. بۆنموونە دەتوانێت لەیەک کاتدا هەڵگری شوناسی کرێکار، کۆچبەر و ژنیش بێت. واتە ئەو لەیەک کاتدا ئەندامی زیاتر لە چینێکە: چینی ژنان، چینی کۆچبەران، چینی کرێکاران. لێرەوە ئەبیتیوسی ئەم تاکە دەبێت بە رووبەری بەیەکگەشتنی زیاتر لە «کۆلێکتیڤ»ێك، کە دواتر لەرێگای ئەزموونە فەردیەکەیەوە بەرهەمیان دەهێنێتەوە. واتە ئەزموونێکی بابەتی کە لەدەرەوە دێت و خۆی دەکات بەنێو تۆڕی ئەبیتیوسی کەسی تاکدا، لە کاتی هاتنە دەرەوەدا بە فلتەرە تاقانەکاندا تێدەپەڕێت و تەنیا بەو شێوەیە دەردەکەوێتەوە کە خودی تاکی پێوەندیدار دەیەوێت. من ئەمە بە جۆرێك لە کرانەوەی سۆسیۆلۆژیای بۆردیۆ دەبینم.

لەرزۆکی سۆسیۆلۆژیا بۆردیۆ کەمتر لە نێو خودی پیەر بۆردیۆدایەو زیاتر لە نێو جیهانبینی بۆردیۆیستەکاندایە کە دەیانەوێت وەك سۆسیۆلۆگی «دیتێرمینیسم» کە ناتوانێت رووناکی بخاتە سەر تواناییەکانی کەسی تاك بۆ رزگاربوونی لە سیستەمی هەژموون. لەرزۆکی ئەم سۆسیۆلۆژیایە لەوەدایە کە ئاستێکی زۆر نزم بە ((ئەنتەراکسیۆن)) دەدات، زیاتر لە گلۆباڵەوە نزیکە تا لۆکال...

راستە کە بۆردیۆ باس لە جۆرێك لە فەردانییەت دەکات، بەڵام ئەوەش راستە کە ئەم فەردانییەتە هەمیشە لەنێو سیستەمەی ئامادەباشی دەستەجەمعیدایە کە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی دەستنیشانکراوەو لە نێو جۆرێك لە((دیتێرمینیسم))دایە. ئەم تێزە رێگامان پێدەدات کە باس لە تاقانەیی تاك بکەین، بەڵام رێگامان پێنادات کە باس لە ئۆتۆنۆمی تاك بکەین. میشێل فۆکۆ پێش مردنی چەند مەشخەڵێکی بچووکی لەم بوارەدا داگیرساند. فۆکۆ لە شەستەکان و حەفتاکاندا فۆکۆی ستراکتۆرە کۆمەڵایەتیەکان بوو، بەڵام لە سەرەتای هەشتاکانەوە تا مردنی دەستیکرد بە پرۆژەیەك بەناوی «سوبژێکتیڤاسیۆن/خوداندن». واتە بیناکردنی شتە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر ئاستی خود.

**رۆشنبیرێک نییە لە جیهاندا کە بێ ئینتیمای کۆمەڵایەتی بێت، ئینتیما بۆ حزبیش بەشێکی بچووکە لە ئینتیمای کۆمەڵایەتی**

**ئەوانەی کە پێیانوایە فیکر جیهان دروست دەکات، کۆمەڵێک ئایدیالیستن کە لەنێو واقیعی کۆمەڵایەتیدا جێگایان نابێتەوە**

**هەموو سۆسیۆلۆژیای پیەربۆردیۆ لەسەر نایەکسانی کۆمەڵایەتی دروستکراوە، بەڵام ئەم سۆسیۆلۆژیایە ناتوانێت پێمان بڵێت: چۆن لە نایەکسانی کۆمەڵایەتی بێینە دەرەوە**

فۆکۆ دەڵێت: فەردانییەتی هەر تاکێك وەڵامە لەبەرامبەر جەبرە کۆمەڵایەتیەکاندا. راستە ئەم تێزەی فۆکۆ بە جۆرێك لە جۆرەکان باس لە خود و تاك دەکات، بەڵام ئەوەش راستە کە ئەم باس کردنە لە چوارچێوەی «دیتێرمینیسم»دایە و لەنێو جەبرەکاندا خۆی دروستدەکات. ئەو ئۆتۆنۆمیەی کە فۆکۆ باسی دەکات تایبەتەو لەنێو هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و دەروونیە جیاوازەکاندا خۆی بینا دەکات. واتە هەر تاکێك بەپێی بارودۆخی کۆمەڵایەتی خۆی کردەی ئۆتۆنۆمی دەکات بە وەڵامی جەبرە کۆمەڵایەتیەکان.

گەڕانەوە بۆ فۆکۆ، کە تەواو لە بۆردیۆ نزیکە، پەنجەرەیەکی بچووك لەنێو دیتێرمینیسمدا دەکاتەوە و ئەمەش بۆ نەوەی پاش فۆکۆ و بۆردیۆ گرنگە، چونکە دەتوانن لە ڕێگای ئەم پەنجەرەیەوە کار لەسەر لەرزۆکیەکانی بۆردیۆو فۆکۆ بکەن و تیۆری و چەمکی تازە دروستبکەن. لێرەوەیە کە من سۆسیۆلۆژیایەکی پۆست بۆردیۆ کە بۆردیۆیست نییە دروست دەکەم، وەك چۆن سۆسیۆلۆژیایەکی پۆست مارکس کە مارکسیست نییە دروستدەکەم.

**گوڵان:** باسی مارکس و مارکسیزمت کرد، رەنگە ئەمە دەرگایەکی باش بێت بۆئەوەی بگەڕێمەوە سەر خاڵێك کە هەمیشە جێگای مشتومڕە لەکاتی باسکردنی فیلیپ کۆرکیوفدا، کە بریتییە لە پێوەندی رۆشنبیر بە حزبی سیاسییەوە. بەڕێزتان یەکێکن لەو سۆسیۆلۆگە بەناوبانگانەی فەرەنسا کە نەك هەر شەرم ناکەن لە ئینتیمای حزبیتان بەڵکو شانازیشی پێوەدەکەن. ئێوە چۆن ئەم هەڵوێستەتان دەسەلمێنن؟ چۆن دەتوانن لەیەک کاتدا سۆسیۆلۆگ و حزبیش بن؟ پێتانوانییە کە حزبی بوونتان گرفت لە بەردەم بەرهەمهێنانی زانستێکی بێلایەندا دروست دەکات؟ ئێوە کە سۆسیۆلۆگن و میراتگری ماکس ڤێبەرن، ئەندامن لە حزبێکی چەپی چەپدا، چۆن لەگەڵ ئەو پرانسیپە میتۆدۆلۆژیەدا مامەڵەدەکەن کە خودی ڤێبەر پێی دەوت«نۆترالیتێ ئەکسیۆلۆژیك/بێلایەنکردنی بەهاکان» لەچرکەساتی سۆسیۆلۆگ بووندا؟

**فیلیپ کۆرکیوف:** سۆسیۆلۆگ کەسێکی کۆمەڵایەتیە و لەنێو کۆمەڵگەدا دەژی و لەنێو پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو کۆمەڵگەیەدا نقوم بووە. کاری سۆسیۆلۆگ بریتییە لە مەودا وەرگرتن لەگەڵ بەڵگەنەویستەکانی ئەو کۆمەڵگەیەدا بۆئەوەی بتوانێت مەعریفەیەکی دیکە لەسەر شتەکان بەرهەم بێنێت. بەڵام ئەمە مانای ئەوەنییە کە ئەو لە دەرەوەی کۆمەڵگەیە، بەپێچەوانەوەی، ئەو لەنێو خودی پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا مەودا دروست دەکات. واتە کۆمەڵگە بۆ سۆسیۆلۆگ موختەبەرێکی دەرەکی نییە، چونکە بەدرێژایی تەمەنی لەنێو خانەکانیدا گەورەبووە. لێرەوە گرفتی سۆسیۆلۆگ دەبێت بە یەکەم کارکردن لەنێو خودی کۆمەڵگەدا، دووەم مەودا دروستکردن لەگەڵ بەڵگەنەویستەکانی هەمان ئەو کۆمەڵگەیەدا، سێیەم بەرهەمهێنانی بۆچوونێکی دیکە کە دەکرێت بە بۆچوونی سۆسیۆلۆژی ناوی بەرین. لەهەمانکاتدا سۆسیۆلۆگ دەبێت کۆمەڵگە وەك خۆی بناسێت، دەشیناسێت چونکە هەر لە منالییەوە ئەندامێکی ئەو کۆمەڵگەیەیە. بێگومان مەودا وەرگرتن مانای لەبیرکردنی مێژووی کۆمەڵایەتی سۆسیۆلۆگ نییە. نەخێر؛ سۆسیۆلۆگ لە چرکەساتی راڤەکردنی داتاکاندا، بەردەوام دەگەڕێتەوە بۆ مەخزەنی ئەو زانیاریانەی کە بەدرێژایی پەروەردەی کۆمەڵایەتی خۆی کۆی کردونەتەوە. بۆنموونە سۆسیۆلۆگێکی فەرەنسی کاتێك گوزارشتەکانی ئەکتەرێکی فەرەنسی راڤەدەکات، یەکەم وشیارە بە زمانی فەرەنسی و دەزانێت ئەو گوزارشتانە چ مانایەك لە ژیانی رۆژانەدا دەبەخشن، دووەم بۆ راڤەکردنیان پشت دەبەستێت بەو مەخزەنی زانیاریانەی کە لە مێژووی پەروەردەی کۆمەڵایەتی خۆیدا کۆی کردونەتەوە.

دەمەوێت بڵێم سۆسیۆلۆگ «ئیندیماجی» کۆمەڵایەتی سۆسیۆلۆگ لەیەک کاتدا خاڵی لاواز و خاڵی بەهێزە. لاوازە چونکە دەبێت مەودای لەگەڵدا وەربگرێت، بەهێزیشە چونکە دەیکات بەسەرچاوەی راڤەکردن. چیرۆکی چەمکی «دابڕانی ئێپیستیمۆلۆژی» باشلار و پاشان ئەلتۆسێر هەمیشە کلیکی لەسەر بەشی یەکەم کردووە. واتە مەودا وەرگرتن. لایەنگرانی دابڕانی ئێپیستیمۆلۆژی لەبیریان چووە کە سۆسیۆلۆگ مرۆڤێکی کۆمەڵایەتیەو بۆ وردکردنەوەی شتەکان پێویستی بە گەڕانەوەی بەردەوام بۆ مێژووی کۆمەڵایەتی خۆی هەیە؛ لەبیریان چووە کە مێژووی کۆمەڵایەتی خودی سۆسیۆلۆگ سەرچاوەیەکی بەهێزە بۆ راڤەکردنی داتاکان. پێموایە باشترین سۆسیۆلۆگێک کە لەسەر ئەم ئیشکالیەتە قسەی کردبێت نۆربێرت ئێلیاسە. ئەویش پێیوایە کە سۆسیۆلۆگ لەیەک کاتدا کار لەسەر مەوداوەرگرتن لەگەڵ مێژووی کۆمەڵایەتی خۆی و پاشان مۆبیلیزەکردنی هەمان مێژوودا دەکات. بەڵگەنەویستەکان، بڕیارپێشینەکان، مانا هاوبەشەکانی سۆسیۆلۆگێک چەند گرفتن ئەوەندەش سەرچاوەی پشتیوانین.

**گوڵان:** بەڵام ئایا ئەمە دەکاتەوە ئەوەی کە ئێوە ئەندامی حزبێك بن؟ چۆن ئێوەیەکی سۆسیۆلۆگ دەتوانن هاوئاهەنگی لەنێوان مەعریفەی سۆسیۆلۆژی و بڕیارەکانی حزبدا دروستبکەن؟ ئایا ئەم لێکدانەوانە ڕێگاتان پێدەدەن کە لەیەککاتدا سۆسیۆلۆگبن و حزبیش بن؟

**فیلیپ کۆرکیوف:** راستە من سۆسیۆلۆگم، بەڵام ئەوەش راستە کە من لەهەمان کاتدا لەنێو گرووپێکی کۆمەڵایەتیدا لەدایك بووم و گەورەبووم. بۆنموونە سۆسیۆلۆگ کە لە خێزانێکی کرێکاردا گەورەدەبێت، ئەندامی گرووپێکە کە پێی دەوترێت کرێکاران، سۆسیۆلۆگێکی ژن ئەندامی گرووپێکە کە پێی دەوترێت ژنان، سۆسیۆلۆگی بە ئەسڵ

**بۆلتانسکی لە دوا کتێبیدا بەناوی«سەبارەت بە رەخنە»و منیش لە دوا کتێبمدا بەناوی«رەخنەی کۆمەڵایەتی بەرەو کوێ» هەوڵمانداوە کە لەیەک کاتدا رووناکی بخەینە سەر کۆی ئەو ستراکتۆرە کۆمەڵایەتیانەی کە هەلومەرجی هەژموونی کەسێک بەسەر کەسێکی دیکەدا ئامادە دەکەن**

**فۆکۆ لە شەستەکان و حەفتاکاندا فۆکۆی ستراکتۆرە کۆمەڵایەتیەکان بوو، بەڵام لە سەرەتای هەشتاکانەوە تا مردنی دەستیکرد بە پرۆژەیەک بەناوی «سوبژێکتیڤاسیۆن/خوداندن»**

**رۆشنبیر کەسێک نییە کە لە ئاسمانەوە هاتبێتە خوارەوە، ئەو بیەوێت یان نا، ئینتیمای بۆ گرووپێکی کۆمەڵایەتی هەیە، ئینتیما بۆ حزبێک هەمان جۆر ئینتیمایە بۆ رووبەری کۆمەڵایەتی**

کۆچبەر ئەندامی گرووپێکی کۆمەڵایەتیە کە پێی دەوترێت کۆچبەران. منی سۆسیۆلۆگ کە ئەندامی یەکێک لەم گرووپانەم، پێش ئەوەی ببم بە سۆسیۆلۆگ ئەندامی یەکێک لەم گرووپانە بووم و پاش ئەوەش کە دەبم بە سۆسیۆلۆگ هەر وەك ئەندامی ئەم گرووپە دەمێنمەوە، دەبێت لەیەک کاتدا مەودا لەگەڵ ئەم گرووپەدا وەربگرم و بەردەوام مۆبیلیزەشی بکەم بۆ راڤەکردنی داتاکان.

لێرەوە ئینتیما بۆ حزبێکی سیاسی، بۆ رێکخراوێك، بۆ سەندیکایەك هیچ نییە بەشێکی بچووك لە کۆی ئینتیما کۆمەڵایەتیەکانی سۆسیۆلۆگ نەبێت. ئینتیما بۆ حزبێك هیچی زیاترنییە لە ئینتیما بۆ گرووپێکی کۆمەڵایەتی کە رووبەری لەدایکبوون و پاشان بەکۆمەڵایەتی کردنی کەسێکە. رۆشنبیر کەسێك نییە کە لە ئاسمانەوە هاتبێتە خوارەوە، ئەو بیەوێت یان نا، ئینتیمای بۆ گرووپێکی کۆمەڵایەتی هەیە، ئینتیما بۆ حزبێك هەمان جۆر ئینتیمایە بۆ رووبەری کۆمەڵایەتی. حزب، وەك هەر گرووپێکی کۆمەڵایەتی، دەرگایەکە بۆ ئاوێتەبوون بە کۆمەڵگە. هەڵەیە کاتێك دەوترێت کە ئینتیما بۆ حزبێك گیروگرفتە لە رێگای بەرهەمهێنانی مەعریفەی سۆسیۆلۆژیدا. نەخێر ئینتیما بۆ چینێکی کۆمەڵایەتی، بۆ توێژێکی کۆمەڵایەتی چەند گرفتە لە رێگای مەعریفەدا، هەر ئەوەندەش ئینتیما بۆ حزب گرفتە! رۆشنبیرێك نییە لە جیهاندا کە بێ ئینتیمای کۆمەڵایەتی بێت، ئینتیما بۆ حزبیش بەشێکی بچووکە لە ئینتیمای کۆمەڵایەتی.

**گوڵان:** ئێوە چەند جیاوازن لەو تێزەی کە پێمان دەڵێت: سۆسیۆلۆگ کەسێکە کە لە چرکەساتی راڤەکردنەکانیدا لە دەرەوەی هەموو شتەکانی وەك چینی کۆمەڵایەتی، ئایین، ئەخلاق، ئایدۆلۆژیاوەیە!

**فیلیپ کۆرکیوف:** من وشیارم بەوەی کە ئەم تێزە کارایی خۆی هەیە. بەڵام گومانم لەوە نییە کە ئێمە هەمیشە منداڵی چینێکی کۆمەڵایەتین، هەڵگری ئەخلاقێکین، ئایدۆلۆژیایەك لەپشت کارەکانمانەوەیە. من لە ئاسمانەوە دانەبەزیوم، کائینێکی کۆمەڵایەتیم. ئەوانەی بەپێچەوانەی ئەم تێزەی منەوەن، پێیانوایە کە مەعریفە دەسەڵاتێکی رەهای بەسەر مرۆڤەکانەوە هەیەو لە دەرەوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا دروست دەبێت. ئەمە نە راستەو نە مومکینیشە. ئەوانەی کە پێیانوایە فیکر جیهان دروست دەکات کۆمەڵێك ئایدیالیستن کە لەنێو واقیعی کۆمەڵایەتیدا جێگایان نابێتەوە. فیکر منداڵێکی شەرعی نێو پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکانەو لە دەرەنجامی بەریەککەوتنی ئەم پێوەندیانەدا دروست دەبێت، نەك لە ژوورە داخراوەکاندا.

**گوڵان:** واتە ئێوە بەهیچ شێوەیەك باوەڕتان بە بێلایەن بوونی سۆسیۆلۆگ نییە؟

**فیلیپ کۆرکیوف:** نەخێر، سۆسیۆلۆگ ناتوانێت بێلایەن بێت. سۆسیۆلۆگ دەتوانێت مەودا لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتیدا دروست بکات، بەڵام ناتوانێت بێلایەن بێت. سیرکورێل کە سۆسیۆلۆگێکی گەورەی ئەمریکیەو تا ئێستاش لە ژیاندا ماوە، چەندین جار میوانی پیەر بۆردیۆ بووەو دەهات بۆ پاریس بۆ ئەوەی سیمینار پێشکەش بکات. کاتێك باس لەسەر پێوەندی نێوان پۆلیس و تاوانکار دەکات و مەعریفەیەکی سۆسیۆلۆژی بەرهەم دەهێنێت، ئەم مەعریفەیە بێلایەن نییە، چونکە چەند مەودا لەگەڵ بەڵگەنەویستە کۆمەڵایەتیەکاندا دروستدەکات، هێندەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پەروەردەی کۆمەڵایەتی خۆی لەنێو گەڕەکە پڕ لە زەبروزەنگەکاندا. واتە ئەم مەعریفەیە لە پێوەندییەکی بەردەوامدایە بە مێژووی کۆمەڵایەتی سۆسیۆلۆگەوە، بۆیە باسکردنی لە بێلایەن بوونی هەڵەیە. پیەر بۆردیۆش هەروای کردووە. بەشێك لەو مەعریفەیەی کە بەرهەمی هێناوە، پێوەندی راستەوخۆی هەیە بە پەروەردەی کۆمەڵایەتی سەردەمی منداڵی و گەنجایەتیەوە لە ناوچەی بیارن. بۆیە بەدڵنیایەوە دەڵێم سۆسیۆلۆگ نە بێلایەن و نە بابەتیش بەو مانایەی کە مەعریفەکەی پێوەندی بە ئینتیما کۆمەڵایەتیەکەیەوە هەیە.

**گوڵان:** بەڵام لە هەلومەرجێکی وادا بەهاو نرخی ئەم مەعریفە چییە؟

**فیلیپ کۆرکیوف:** بەهاکەی بەم شێوەیەیە. کەسێکی ئاسایی بۆ ئەوەی تێکەڵ بە کۆمەڵگە ببێت، دێت و شوێن بەڵگەنەویستەکان دەکەوێت و هەوڵدەدات کە رێك وەك ئەوەی کە ئەوان دەیانەوێت رەفتار بکات. بەڵام یەکەم کاری سۆسیۆلۆگ ئەوەیە کە مەودا لەگەڵ ئەم بەڵگەنەویستانەدا دروستبکات و دواتر لەڕێگای گەڕانەوە بۆ ئەزموونە شەخسیەکانیەوە راڤەیان بکات و لەم رێگایەوە تێکەڵ بە کۆمەڵگە ببێت. کۆی ئەم پرۆسێسە مەعریفەیەك دروست دەکات کە کەسە ئاساییەکانی نێو کۆمەڵگە ناتوانن بەرهەمی بێنن، بەڵام دەتوانن بەکاری بێنن.

لێرەوە دیسان دووپاتی دەکەمەوە کە مەعریفەی سۆسیۆلۆگ هەمان مەعریفەی کەسانی ئاسایی نێو کۆمەڵگە نییە. مەعریفەی سۆسیۆلۆگ لەدەرەوەی بەڵگەنەویستەکان، بڕیارە پێشینەکان و مانای هاوبەشدا دروست دەبێت، بەڵام مەعریفەی کەسانی ئاسایی لەنێو بەڵگەنەویستەکان، بڕیارە پێشینەکان و مانای هاوبەشدا دروستدەبێت.

**گوڵان:** سەرەڕای ئەم بۆچوونانەشتان، ئایا سۆسیۆلۆژیا هەر بە زانست دەزانن؟

**فیلیپ کۆرکیوف:** بەڵێ سۆسیۆلۆژیا زانستە، چونکە ئەو مەعریفەیەی کە لەڕێگای مەودا وەرگرتن لەگەڵ بەڵگەنەویستەکانی ژیانی هەموو رۆژێکدا وەریدەگرێت سروشتێکی زانستی هەیە. زانستە بە شێوەی خۆی نەك وەك زانستە سرووشتیەکان. ژان کلۆد پاسورۆن کە تۆ

**کاتێک پیەر بۆردیۆ باس لە چینی کۆمەڵایەتی دەکات، دەبێت تێبگەین لەوەی کە هەمان باسکردنی کارل مارکس لە چین نییە. چینی بۆردیۆ بریتییە لە پێکهاتەیەک لە تاکە تاقانەکان**

**سۆسیۆلۆگی «دیتێرمینیسم» ناتوانێت رووناکی بخاتە سەر توانایییەکانی کەسی تاک بۆ رزگاربوونی لە سیستەمی هەژموون. لەرزۆکی ئەم سۆسیۆلۆژیایە لەوەدایە کە ئاستێکی زۆر نزم بە ((ئەنتەراکسیۆن)) دەدات، زیاتر لە گلۆباڵەوە نزیکە تا لۆکاڵ...**

**مەعریفەی سۆسیۆلۆگ هەمان مەعریفەی کەسانی ئاسایی نێو کۆمەڵگە نییە. مەعریفەی سۆسیۆلۆگ لەدەرەوەی بەڵگەنەویستەکان، بڕیارە پێشینەکان و مانای هاوبەشدا دروست دەبێت**

**ئامادەیی سۆسیۆلۆگێک لە حزبێکدا، سەرەڕای ئەوەی کە ئەندامە وەک هەر کەسێکی دیکە بەشداری کۆبوونەوەکان دەکات، دەتوانێت ئەو حزبە و ئەندامانی والێ بکات کە بەجۆرێک لە جۆرەکان بەڵگەنەویست و مانا گشتیەکان بخەنە ژێر پرسیارەوە**

**هیچ جیاوازیەک لەنێوان ئینتیمای کۆمەڵایەتی و ئینتیمای حزبیدا نییە! لە زۆربەی هەلومەرجەکاندا ئینتیمای حزبی هیچ نییە جگە لە درێژبوونەوەی ئینتیمای کۆمەڵایەتی نەبێت**

**شۆڕش ستراکتۆر نییە، بەڵکو پرۆسێسە! کاری سۆسیۆلۆژیا ئەوەنییە کە شووناس لەنێوان شۆڕشی فەرەنسی و شۆڕشی عەرەبیدا دروست بکات، بەڵکو بریتییە لە بەراوردکردنیان و دۆزینەوەی لێکچوون و لێکدژیەکانیان**

باش دەیناسیت بەجوانی ئەم هاوکێشەیەی روون کردووەتەوە. پاسوورۆن دەڵێت: زانستە کۆمەڵایەتیەکان زانستی مێژوویین و لە بزووتنەوەی بەردەوامدان؛ بەپێچەوانەی زانستە سروشتیەکانەوە کە لەنێو موختەبەرەکاندا داخراون و بەپێی گریمانەی وشك کاردەکەن. سۆسیۆلۆگەکان لە ئاستی دیکەدا کاردەکەن، بۆنموونە سۆسیۆلۆگێک کە کار لەسەر شۆڕش دەکات، بەردەوام دەگەڕێتەوە بۆ مێژوو، مێژووی شۆڕشی فەرەنسی، مێژووی شۆڕشی سۆڤێتی، مێژووی شۆڕشی بەریتانی، ئەمریکی، عەرەبی، تاد. جیاوازی ئەم سۆسیۆلۆگە لەگەڵ پزیشکێکدا لەوەدایە کە سۆسیۆلۆگەکە ناتوانێت کۆی ئەم شۆڕشانە لە موختەبەرێکدا قەتیس بکات؛ ناتوانێت هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆڵگەی شۆڕش لە ئاستێکدا کورت بکاتەوە. شۆڕش ستراکتۆر نییە، بەڵکو پرۆسێسە! کاری سۆسیۆلۆژیا ئەوەنییە کە شووناس لەنێوان شۆڕشی فەرەنسی و شۆڕشی عەرەبیدا دروستبکات، بەڵکو بریتییە لە بەراوردکردنیان و دۆزینەوەی لێکچوون و لێکدژیەکانیان. لێرەوە کارکردن لەسەر دەوڵەت، لەسەر چین، لەسەر شۆڕش وەك کارکردن لەسەر میکرۆب نییە؛ بەڵکو دووجۆر لە زانست و دوو جۆر لە کارکردنی جیاوازن.

هەر ئەمەشە وادەکات، دیسانەوە بەپێچەوانەی زانستە سروشتیەکانەوە، لەسەر یەك دیاردەی سیاسی یان کۆمەڵایەتی زیاتر لە تیۆریەکمان هەبێت. ئەمە مانای ئەوە نییە کە یەکێک لەو تیۆریانە راستەو ئەوانی دیکە هەڵەن، بەڵکو مانای ئەوەیە کە دیاردە کۆمەڵایەتیەکان توانای زیاتر لە خوێندنەوەیەکیان هەیە، بێهودە نییە کە دەڵێین دنیای کۆمەڵایەتی هەمیشە لەسەر ئاستی پلورال/فرە دەردەکەوێت.

سەبارەت بە ئینتیمای سۆسیۆلۆگ بۆ حزبێك دەمەوێت لە کۆتاییدا بڵێم مەرج نییە کە سۆسیۆلۆگ هەمیشە ئەندامی حزبێک بێت، ئەندام بوون لە حزبێکدا یەکێکە لەو دەرگایانەی کە لەبەردەم سۆسیۆلۆگدا کراوەن و یەکێکە لە چەکەکان نەك هەموو چەکەکان. بەڵام بوون و نەبوونی ئینتیما لای سۆسیۆلۆگ رزگاری ناکات لەوەی کە بابەتێک هەیەو دەبێت بە پێی میتۆدە سۆسیۆلۆژیەکان کاری لەسەربکات.

**گوڵان:** بەڵام جیاوازی نێوان سۆسیۆلۆگی بێ حزب و سۆسیۆلۆگی حزبدار لەوەدایە کە یەکەمیان دوور لە جەبرە سیاسییەکانی حزب و دووهەمیان بە گۆشت و ئێسقانیەوە تێکەڵ بووە بە هەمان ئەو جەبرانەی کە دەستنیشانی گوتار و رەفتارەکانی دەکەن؟

**فیلیپ کۆرکیوف:** نەخێر هاوڕانیم لەگەڵ ئێوەدا. منێك کە ئینتیمام بۆ حزبێك هەیە و تۆیەك کە ئینتیمات بۆ حزب نییە، لەکاتی دروستکردن و پاشان کارکردن لەسەر بابەتێکی سۆسیۆلۆژیدا رووبەڕووی هەمان ئیشکالیەت دەبینەوە کە پێی دەوترێت مەودا وەرگرتن. تۆ ئینتیمای حزبیت نییە، بەڵام ئینتیمای کۆمەڵایەتیت هەیە، مێژوویەکی کۆمەڵایەتیت هەیە، لەنێو چەندین پێوەندی رۆژانەی کۆمەڵایەتی و سیاسیدایت. بۆ کارکردن لەسەر بابەتێکی سۆسیۆلۆژی دەبێت مەودا لەنێوان خۆت و هەموو ئەم ئینتیمایانەدا وەربگریت، ئینتیمای حزبی منیش یەکێکە لەم ئینتیمایانە کە دەبێت مەودای لەگەڵدا وەربگرم. واتە هەردووکمان لەنێو یەك پرۆسێسداین کە پێی دەوترێت مەودا وەرگرتن. راستە کە تۆ ئەندامی حزبێک نیت و دووریت لە جەبرە سیاسییەکانی حزب، بەڵام ئەوەش راستە کە تۆ سەر بە چینێکی کۆمەڵایەتیت و لەنێو رووبەرێکی کۆمەڵایەتیدا دەژیت کە سەدان جەبری خۆی هەیە، بڕیاری پێشینە و مانای هاوبەشی هەیە. لێرەوە هیچ جیاوازیەك لەنێوان ئینتیمای کۆمەڵایەتی و ئینتیمای حزبیدا نییە! لە زۆربەی هەلومەرجەکاندا ئینتیمای حزبی هیچ نییە جگە لە درێژبوونەوەی ئینتیمای کۆمەڵایەتی نەبێت. ئێمە چۆن دەبین بە سۆسیۆلۆگ یان رۆشنبیر؟ لە چێشتخانەیەکدا نان دەخۆین، لە خانوویەکدا دەژین و مانگانە کرێ دەدەین، وەک هەر مرۆڤێکی دیکە سواری پاس و میترۆ دەبین، لەگەڵ مرۆڤەکانی دەوروبەرماندا قسە دەکەین، لە تایپێکی تایبەت لە خێزاندا گەورە دەبین، تاد. هەموو ئەمانە وەك ئەزموون بە ناخماندا دەچینە خوارەوە، واتە هەر یەکێك لە ئێمە دەبێت بە هەڵگری ئەو دنیای کۆمەڵایەتیەی کە تیایدا دەژی. بۆ هەر کوێ بڕۆین و لە هەر کوێ بین، ئەم دنیا کۆمەڵایەتیە بەسەر شانمانەوەیە، لە هەناوماندا دەژی، لە پێشمانەوە رێدەکات و رێبەریمان دەکات. کاتێك کە لەسەر بابەتێک کاردەکەین، هەموو ئەم دنیا کۆمەڵایەتیە ناسڕینەوە، بەڵکو تەنها مەودای لەگەڵدا وەردەگرین و دواتر دەگەڕێینەوە سەری بۆ ئەوەی بەڵگەکانمانی لێوەربگرین. سۆسیۆلۆگی بێ حزبیش هەمان شت دەکات و بەهەمان رێگادا تێدەپەڕێت.

لەلایەکی دیکەوە ئامادەیی سۆسیۆلۆگێک لە حزبێکدا، سەرەڕای ئەوەی کە ئەندامە وەك هەر کەسێکی دیکەو بەشداری کۆبوونەوەکان دەکات، دەتوانێت ئەو حزبە و ئەندامانی والێ بکات کە بەجۆرێك لە جۆرەکان بەڵگەنەویست و مانا گشتیەکان بخەنە ژێر پرسیارەوە. لە رێگای مەعریفە سۆسیۆلۆژیەکەیەوە دەتوانێت بەشداری بکات لە پەروەردەکردن، وشیارکردنەوەو پاشان تێگەیشتنی ئەندامانی حزبێکدا کە لە ململانێی رۆژانەدایە لە پێناوی بەدیهێنانی کۆمەڵێک ئامانجدا کە کەسی سۆسیۆلۆگ باوەڕی پێیان هەیە. راستە سۆسیۆلۆگ وەک هەر ئەندامێکی دیکە تراک دابەشدەکات و بەشداری کۆبوونەوەکان دەکات، بەڵام ئەوەش راستە کە ئەم سۆسیۆلۆگە جۆرێک لە پێگەی رەمزی تایبەتی خۆی هەیەو لەرێگای ئەم پێگەو دەسەڵاتە رەمزییەوە دەتوانێت

کارایی بەسەر رەوتی رووداوەکانەوە دابنێت، واتە پاسیڤانە تەماشای دنیای کۆمەڵایەتی و سیاسی ناکات، بەڵکو وەک ئەکتەرێکی چالاک کارایی بەسەریانەوە دادەنێت. من کە ئێستا لە چەپی چەپدام، بەم شێوەیە کاردەکام و بەختەوەرم بەوەی کە دەیکەم.

**گولان:** کەواتە ئەمە دەرفەتێکی باشە بۆ ئەوەی وەك یەکێك لە مونەزیرەکانی چەپی چەپی فەرەنسی بۆچوونت لەسەر دیاردەیەك وەربگرم. چەپی چەپی فەرەنسی بانگەشە بۆ چەمکەکانی وەك «پێشکەوتن»،«ئازادی ژن»،«یەکسانی نێوان مرۆڤەکان»و دەیان چەمکی دیکەی لەم جۆرە دەکەن. بەڵام لە کاتێکدا کە ململانێی یەکەمی چەپی چەپ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بووە بە ململانێ لەگەڵ ئیسلامیستە نوێیەکاندا، ئێوە دێن کچێکی موحەجەبە دەکەن بە کاندیدی خۆتان و دەتانەوێت بینێرن بۆ پەرلەمان! هەست بەوە ناکەیت کە ئەمە لێکدژییە لەنێوان دنیای تیۆری و دنیای پراکتیکی ئێوەدا؟ چۆن ئەم دیاردەیە تەفسیردەکەیت کە موسڵمانە موحەجەبە و ریشدارەکان دەبن بە ئەندام لە حزبەکانی چەپی چەپی فەرەنسیدا؟

**فیلیپ کۆرکیوف:** تێدەگەم لە تێبینییەکەتان. شتەکان لە فەرەنسادا زۆر ئاڵۆزن. زۆرینەی چەپی چەپ بەتوندی دژایەتی راسیزم دەکات، بەتایبەتی ئەو راسیزمەی کە دژ بە موسڵمانان لە ئارادایە. لەم سەرشارەوە، ئەکتەرەکانی چەپی چەپ باوەش دەکەنەوە بۆ هەموو ئەو موسڵمانە فەرەنسیانەی کە قوربانی دەستی ئەم جۆرە لە راسیزمن. بەڵام لەهەمانکاتدا بەشێکی زۆری چەپی چەپ پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە پێش هەموو شتێك عەلمانییەت بنەمای یەکەمە. واتە ئەو موسڵمانەی کە دەبێت بە ئەندام لە حزبێکی چەپی چەپدا ئەم بنەمایەی قبوڵەو ئیمانە شەخسیەکانی تێکەڵ بە بەرنامە سیاسییەکان ناکات.

ئەو کچە موحەجەبەیەی کە لە شاری ئاڤینیۆ وەك کاندید خرایە سەر لیست دەرەنجامی ئەم دوو بنەمایە بوو. واتە یەکەم ئەو عەلمانییەتی قبوڵ بوو، پاشان بە توندی دژایەتی ئەو راسیزمەی دەکرد کە لە بەرامبەر موسڵمانانندا مومارەسە دەکرا. بەڵام چیرۆکەکە لێرەدا ناوەستێت. ئەم پێشنیارە بوو بە سەرچاوەی دیالۆگی ناوەکی توند لەنێوان ئەندامانمدا و لە کۆتاییدا کچە موحەجەبەکە نەك هەر لە لیستەکە کشایەوە، بەڵکو وازی لە حزبیش هێنا. من یەکێک بووم لەوانەی کە بەرگریم لێکرد و بە ئەرکی سەرشانی خۆشم زانی. ئەوەی وای لێکردم ئەم هەڵوێستە وەربگرم ئەو کۆنتێکستە توندەیە کە موسڵمانانی فەرەنسای تێی کەوتووە. راستی راستی فەرەنسی سەرگەرمی بەرهەمهێنانی گوتارێکی راسیست و ئیسلامۆفۆبە لەبەرامبەر موسڵمانەکاندا. بەرگریکردن لەم کچە، رێگرتنە لەم گوتارەو هەر ئەمەش وایلێکردم کە هەڵوێست وەربگرم.

**تێبینی: شیکردنەوەی کۆسپێتەکان کە لە کتێبی ئاینییەچیەی د.عادل باخەوانەوە وەرگیراوە:**

**■ دێتێرمینیسم**

بەشێوەیەکی گشتی دێتێرمینیسم بریتییە لە چوارچێوەیەکی فراوانی تێگەیشتن لە واقیع. لەم چوارچێوەیەدا کۆمەڵێک یاسا هەن کە ئاڕاستەی رووداو و دیاردەو پێوەندیەکان دیاری دەکەن و بەشێوەیەکی ماتماتیکی رەفتار و گوتاری مرۆڤەکان لە قالب دەدەن و کاتێک ئێمە لەو یاسایانە تێدەگەین ئیتر دەتوانین ئەو شتانە ببینین کە لە ئێستاداو داهاتووشدا روودەدەن.

ئەم چەمکە بەدرێژایی چاخە کلاسیکیەکان ئامادەبووە، بەڵام لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە زۆر بە تۆختر سەر ئاو دەکەوێت. یەکەمین چیرۆکی ئەم چەمکە راستەوخۆ لکاوە بە مێژووی مێتۆدی ئەزموونگەرای و رێژەگەرایی ماتماتیکەوە.

بەشێکی زۆر لە زانستە کۆمەڵایەتیەکان ئەم چەمکەیان لەو گەردوونەوە وەرگرتووەو پراکتیکیان کردووە بەسەر جیهانی کۆمەڵایەتی دا. دێتێرمینیسم، هەر لە مارکسەوە تا دەگاتە دۆرکایم و پاشان پیەر بۆردیۆ، وەک چەمکی سەنتراڵ بەکار هاتووە. ئەم سێ گەورە سۆسیۆلۆگە پێیانوایە کە هەر فاکتێکی کۆمەڵایەتی لەلایەن چەند یاسایەکەوە دەبرێت بەڕێوە، لێرەوە بۆ پەیبردن بە فاکتێکی کۆمەڵایەتی، ئێمە دەبێت بەدوای یاساکانیدا بگەڕێین. بێگومان ئەو یاسایانەش لە نێو مێژوویەکی کۆمەڵایەتیدا دروست بوون و دەقیان گرتووەو بوون بە چوارچێوەی گشتی فاکتی کۆمەڵایەتی. لەم تێگەیشتنەدا، تاک و گرووپ و چینە کۆمەڵایەتیەکان هەموویان لە دێتێرمینیسم دا دەژین؛ واتە هەموویان «مەحکومن» بەو ستراکتۆرە کۆمەڵایەتیانەی کە لەنێو مێژووە کۆمەڵایەتیەکانداو بەپێی چەند یاسایەکی کۆمەڵایەتی دەقیان گرتووەو هەمیشە لێرەن بۆ ئەوەی هەموو شتەکانمان پێبڵێن. لەم بیرکردنەوەیەدا، چۆنیەتی نانخواردن و بەرگ پۆشین و نمرەی تاقیکردنەوەکانی سەری ساڵ و چۆنیەتی قسەکردن و مەکانەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی تاکەکان و چۆنیەتی خێزان دروستکردن و پەروەردەکردنی منداڵ و رۆیشتن بۆ سینەماو مزگەوت و چۆنیەتی بانگ کردنی منداڵەکانت و تاد، «مەحکومن» بەو ستراکتۆرە کۆمەڵایەتیانەی کە ئاماژەمان پێدا. بۆنموونە: کاتێک سیاسییەکی گەورەی کوردی دەبینیت لەکاتی پێشوازیکردن لە سەرۆکی دەوڵەتێکدا تەسبیحێکی بەدەستەوەیە و دانەکانی دەژمێرێت. ئەم پراکتیکە فاکتێکی کۆمەڵایەتیەو بۆ تێگەیشتن لێی دەبێت بگەڕێینەوە سەر کۆی ئەو ستراکتۆرە کۆمەڵایەتیانەی کە لە مێژوویەکی کۆمەڵایەتی ئەو سیاسییەدا دروستبوون و ئێستا چۆنیەتی بەدەستەوەگرتنی ئەم تەسبیحە دیاری دەکەن.

دێتێرمینیسم چەمکێکە تەواو بە پێچەوانەی چەمکی ئازادییەوە کار دەکات و پێیوایە مرۆڤەکان کۆمەڵێک بوونەوەری ئازادنین و بە ئازادی بڕیارەکانیان هەڵنابژێرن و کاتێک ئەم سیاسییە کوردەی کە تەسبیح بە دەستەوە دەگرێت و دانەکانی دەژمێرێت، لەبەر ئەوەیە کە مەحکومە

بەو پراکتیکەو ناتوانێت بەئاسانی لە ژێر زەبری ئەو ستراکتۆرە کۆمەڵایەتیە مێژووییە بێتە دەرەوە کە ناچاری دەکات تەسبیح بەدەستەوە بگرێت.
بێگومان ئالان تورێن و لوک بۆلتانسکی و رایمۆن ئارۆن و ئەلفرێد شووتز و ئیڤرین گۆفمان و هارلۆد گارفیکێل و ئەنسالم شتراوس تەواو بەپێچەوانەی دیتێرمینیسم»ـەوە بیردەکەنەوەو هەریەکەوە لە کارگە سۆسیۆلۆژیەکەی خۆیەوە هەوڵدەدات بۆ سەلماندنی ناواقیعیەتی ئەرگیومۆنتەکانی مارکس و دۆرکایم و بۆردیۆ.

## ■ ئەبیتیوس

«پیەر بۆردیۆ، کە دەکرێت وەک درێژە پێدەری سۆسیۆلۆژیای مارکس و دۆرکایم بخرێتە سەر شانۆ، هابیتیوس وەک هابیتیوس سیستەمێک لە ئامادەباشی پێناسە دەکات. ئەم سیستەمی ئامادەباشیەش لە هەموو چرکەیەکدا ئامادەیە بۆ پێشوازی کردن لە ئەزموونەکان. کە ئەزموونێک دێتە پێشەوە، لە قۆناغی یەکەمدا پەلی دەگرێت و رای دەکێشێتە ژوورەوە، بوردیۆ ئەمە ناو دەنێت، ناواندن، واتە راکێشانە ناوەوە، هێنانە ژوورەوە، لەدەرەوە بۆ ناوەوە. لەم قۆناغەدا، هابیتیوس لە ناوەوە تەواو دەستکاری ئەو ئەزموونە دەکات و سەرلەنوێ دایدەڕێژێتەوەو رەنگی دەکاتەوەو جلوبەرگی لەبەردەکاتەوەو ئامادەی دەکات بۆ قۆناغی دووەم کە بریتییە لە فڕێ دانەوەی بۆ دەرەوە، بە دەرەوەکردنی، دەرەواندی. کاتێک ئەم ئەزموونە دێتە دەرەوەو دەیخەینە ژێر چاودێریەوەو هەست بەوە دەکەین کە زۆر جیاوازە لەو چرکەیەی کە هێشتا پلەکێشی ناوەوە نەکراوە.
واتە ئەزموونەکە لەلایەن هابیتیوسەوە ماڵی و دەستەمۆ کراوە. تائەو کاتەی کە هابیتیوس دەتوانێت ئەزموونەکان ماڵی بکات هیچ گرفتێک دروست نابێت، بەڵام گرفت کاتێک دروست دەبێت کە هابیتیوس نەتوانێت ئەزموونێک ماڵی بکات. لە چرکەیەکی ئاواداو لە یەکەم چرکەی بەریەککەوتنیاندا ئیتر هابیتیوس وەک لاپەڕە دەدڕێت. کە هابیتیوسیش دڕا ئیتر سیستەمی ئامادەباشیش پەکی دەکەوێت و توانای ناواندن و دەرەواندنی ئەزموونەکانی نامێنێت. لەهەمان کاتدا ئەزموونەکان لە هاتن ناوەستن، بەڵام ئیتر سیستەمێکی ئامادەباشی لێرە نییە بۆ ئەوەی پێشوازیان لێبکات! دەرەنجام بکەری –فاعیلی کۆمەڵایەتی تووشی نامۆبوون و سەرگەردانی و جۆرێک لەسەرلێشێوان دەبێت و ژیانی هەموو رۆژێکی بەتەواوی لێ تێکدەچێت.

## ■ ستراکتۆر

ستراکتۆر بریتییە لە کۆی چەند رەگەزێک کە پەیوەندیەکی توندووتۆڵ بەیەکەوەیان دەبەستێت و دەستکاریکردنی هەر رەگەزێک لەو رەگەزانە دەبێتە مایەی گۆڕانی ئەو چوارچێوەیەی کە کۆی رەگەزەکان لەخۆ دەگرێت.
بەکارهێنانی چەمکی ستراکتۆر دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدە. ئەو سەردەمە زانستە فیزیکیەکان لەبری وشەی «رێکخراو» بەکاریان دەهێنا. لە سەدەی نۆزدەهەمەوە، زانستە کۆمەڵایەتیەکان بەکاری دەهێنن بەتایبەتی لە چرکەی بەراورد کردنی کۆمەڵگە بە جەستەیەکی زیندوودا. دواتر زانستە کۆمەڵایەتیەکان وشەی ستراکتۆر لەبری سیستەم بەکار دەهێنن. ئۆگیوست کۆنت کە دامەزرێنەری سۆسیۆلۆژیایە، پێیوایە کە هیچ فاکتێکی کۆمەڵایەتی بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەو ستراکتۆرەی کە بەرهەمی دەهێنێت تەفسیر ناکرێت. دواتر مارکس دێت و ئەم چەمکە قووڵتر دەکاتەوە، بەتایبەتی لەڕێگای جیاکردنەوەی ئانفرا-ستراکتۆر لە سوپەر-ستراکتۆر (بگەڕێوە بۆ سەر فەرهەنگی کۆنسێپتەکان).
چەمکی ستراکتۆر رووناکی دەخاتە سەر ئەو سیستەمە پێوەندییەی کە یەکەیەکی گونجاوی گونجاوکراوی گونجاوکار دروستدەکات و لەناوەوەی ئەو یەکەیەدا هیچ رووبەرێک بۆ ئۆتۆنۆمی رەگەزە پێکهێنەرەکان بوونی نییە.
بەدیوێکی دیکەدا دەتوانین بڵێین: هەر ستراکتۆرێک لە کۆمەڵێک یاساو نۆرم دروست بووەو ئەم یاساو نۆرمانەش مێژوویەکی کۆمەڵایەتیان هەیەو لە ئێستاو ئێرەدا لەدایک نەبوون و تێگەیشتن لە بۆ تێگەشتن لەهەر ستراکتۆرێک ئێمە دەبێت بگەڕێینەوە سەر ئەو مێژووە کۆمەڵایەتیەی کە هەلومەرجی بابەتیانەی دەرکەوتنی ئەو یاساو نۆرمانەی دەستەبەر کردووە.
کاتێک لە چێشتخانەی زانکۆی سۆربۆن یان لیۆن دادەنیشیت و بە وردی سەرنجی چۆنیەتی نانخواردنی هەر خوێندکارێک دەدەیت، تێدەگەیت لەو ستراکتۆرە کۆمەڵایەتیانەی کە لە پشت چۆنیەتی نانخواردنی ئەو خوێندکارانەوە کاردەکات. کاتێک سەرنجی چۆنیەتی پێشوازیکردن لە میوانی دوو کەسایەتی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەدەیت، تێبینی ئەو ستراکتۆرە کۆمەڵایەتیە دەکەیت کە چۆنیەتی ئەو پێشوازیکردنەی هەریەکێک لەم دوو ئەکتەرە رێکدەخات.

## ■ بێلایەنکردنی بەهاکان

ئەم کۆنسێپتە یەکێکە لە بنەما هەرە گرنگەکانی قوتابخانە فیکریەکەی ماکس ڤێبەر. لە زمانی فەرەنسیدا بەم شێوەیە ناوسراوە: neutralité axiologique «نۆترالیتێ ئەکسیۆلۆژیک». لە زمانی ئەڵمانیدا، کە زمانی ماکس ڤێبەر خۆیەتی دەبێت بە: Wertfreiheit، واتە: ئازادی لەبەرامبەر بەهاکاندا. بێگومان ئەمە وەرگێڕانی دیکسیۆنەرەکانە. راستە سەد لە سەد ئەو مانایە نادەن بەدەستەوە کە ماکس ڤێبەر بەخشیویەتی بەم چەمکە، بەڵام نزیکمان دەکەنەوە لێی.
لەڕێگای بەکارهێنانی ئەم کۆنسێپتەوە، ماکس ڤێبەر داوادەکات کە زانا دەبێت لە چرکەی توێژینەوەدا هەموو ئەو بڕیارانەی کە لەسەر ئەخلاق و بەها دامەزراون پەراوێزبکات. واتە زانا ئەو کەسەیە کە بەهیچ شێوەیەک و لەهیچ کات و ساتێکدا بەهایەک لەبەهاکان مۆبیلیزە ناکات بۆ ئەوەی دیاردەیەک لە دیاردەکانی کۆمەڵگەیەک لە کۆمەڵگە بەشەریەکانی پێبخوێنێتەوە.
لەهەلومەرجێکی ئاوادا زانا هەموو بەهاکان لە ساتی توێژینەوەدا بێلایەن دەکات، یاخود دووریان دەخاتەوە، پەراوێزیان دەکات، دەیانخاتە نێوان دووو کەوانەوەو بەشێوەیەکی عەقڵانیانە دەست دەبات بۆ بابەتی توێژینەوە لەسەر کراو. ماکس ڤێبەر پێیوایە کە بەهیچ شێوەیەک مافی ئەوەمان نییە بە توێژینەوەیەک بڵێین»زانستی»کە بەهایەک لەبەهاکانی لەپشتەوەیە. بۆنموونە کوردێکی زانا کاتێک توێژینەوەیەک لەسەر پەیوەندی نێوان کوردو تورکمان لە کەرکوکدا دەکات، گەر کورد بوونەکەی وەک بەهایەک نەخاتە نێوان دوو کەوانەوەو دووری نەخاتەوە،

هەرگیز ناتوانین سیفەتی زانستی بەکارەکەی بدەین.
من ئـــەم چەمکەم بـــە «بێلایەنکردنی بەهـــاکان» کردووە بە کوردی. کە دەکرێت بە دوورخستنەوەی بەهاکان و پەراوێزکردنی بەهاکانیش ناوببرێت. ئەگەر کەســێک پێشــنیارێکی دیکەی هەیە، پێم خۆشە ئاگادارم بکاتەوە.

## ■ چینی کۆمەڵایەتی

لە ترادیسیۆنی مارکسیســتدا چەمکی چینە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر دوو بۆچوونی ســەرەکی دادەمەزرێت. یەکەمیان بریتییە لە دابەشکردنی کۆمەڵگە بەســەر دوو گرووپدا، گرۆپی چینی کرێکاران و گرووپی چینی ســەرمایەداران، دووەمیشیان بریتییە لە پێوەنــدی ململانێگەرای هەیمەنەو بەکارهێنان لەنێوان ئەو دوو گرووپەدا. لەم ترادیسیۆنەدا چینە کۆمەڵایەتیەکان وەك دوو دژە-بەرامبەری کۆمەڵایەتی- ئابووری خراونەتە ســەر شــانۆ، دووو دژە- بەرامبەرکە کۆی شتەکان دەبەستێتەوە بە پێوەندی بیناکراو لەســەر ململانێی نێوانیانەوەو هیچ شتێك لەم چوارچێوەیە ناڕواتە دەرەوە.
ئەم بیرکردنەوە مارکسیە ڕێگامان پێدەدات هەلومەرجە بابەتیەکان بکەین بە سەرچاوە، بۆنموونە ڕێگامان پێدەدات کە خاوەندارێتی کەرەســەکانی بەرهەمهێنــان جیابکەینەوە لەو کەســانەی کە هەمان کەرەســە بەکاردەهێنن، ئەم بیرکردنەوەیە خۆی «کامڵ» دەکات کاتێك کە خودگەرایی/زاتیەتی/سوبژێکتیڤیتێی ئەکتەرە کۆمەڵایەتیەکان دەکات بە ســەرچاوەیەکی دیکەی سەرەکی، مەبەســتمان « وشیاری چین»ە. تەنیا ئەمەشە کە، پاش کارل مارکــس، دەرگای گفتوگۆمــان بۆ دەخاتە سەرپشــت لەگەڵ بیریارێکی بەناوبانگــی وەك Nicolas Boukharine. ئەم بیریــارە جیاوازی دەخاتە نێوان «چین لــە خۆیدا» و «چین بۆ خــۆی» و هەوڵدەدات روونا کی بخاتە ســەر کردەی گوزەرکردن لــە نێوانیانــدا، بەتایبەتی لە چرکــەی وشــیاربوونەوەدا. هەر لەســەر هەمان ڕێگا جۆرج لۆکاشــیش، بەتایبەتــی لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (وشیاربوونەوەی چین و مێژوو)، کلیک دەکات لەسەر فیتیشیسمی کاڵا و بەشتکردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و پرســیارلەخۆکردن لەسەر توانایی پرۆلیتاریا لە ساتی رامان لە دۆخە تایبەتەکانیدا.
بەدرێژایی سەدەی بیســتەم چەمکی چینی کۆمەڵایەتی لای کارل مارکــس، کــە چەمکێکی فــرە چوارچێوەییە، رەخنەی لێگیراوە. ســەرەکیترین رەخنەیەك کە ئاڕاســتەی ئەم چەمکە مارکســیە کرابێت بریتییە لەو تێبینیــە مەیدانییەی کە دەڵێت: کۆمەڵگە لەسەر ئاســتی کۆنکرێتی پێکنەهاتووە لە ململانێی نێــوان دوو چینی کۆمەڵایەتی دژ بەیــەك، بەڵکو پێکهاتووە لە ململانێی چەندین گرووپــی کۆمەڵایەتی پێکەوە-ژیاو بەڵام لە یەکجیا.
هەروەها رەخنەیەکی دیکەی ســەدەی بیســتەم، کە لە ماکس ڤێبەرەوە سەرچاوەدەگرێت، بریتییە لە تێکەڵکردنی چەمکی چین و چەمکی ستاتیو. ڤێبەر نموونە بە کرێکاران دەهێنێتەوەو پێیوایە کە تەنیا لــە هەلومەرجێکی تایبەتدا چەمکی چین و چەمکی ســتاتیو لای کرێکاران تێکەڵ بەیەکدەبن، بۆنموونە کۆبوونەوەی کرێــکاران لە جێگایەکی تایبەتدا، تەنیا لەم کاتەشــدا کردەی ڕێکخــراوی چین دەبێت بە ئەگەرێکــی کۆنکرێتی، گەرنا ئەو تێکەڵبوونە سیفەتێکی هەمیشەیی نییەو ئەم کردەیەش ئەگەرێکی کۆنکرێتی بەردەوام نییە.
ڕەخنەیەکــی دیکە کە لە کۆتاییەکانی ســەدەی بیســتەمەوە ســەر هەڵــدەدات بریتییە لە قســەکردن لەســەر کۆتایی چینە کۆمەڵایەتیەکان، چ لەســەر ئاستی تیۆری و چ لەسەر ئاستی پراکتیك. ئــەم رەخنەگرانە پێیانوایە کە دەســەڵات ئیتر بەتەنها گرەوی نێوان چینی سەرمایەدار و چینی کرێکار نییە، چونکە لە ئێستادا خودی ئەو دەسەڵاتە دابەشبووە بەسەر هەموو کاتیگۆریە کۆمەڵایەتیەکاندا و هەموان پێکەوە بەشدارن لە دروستکردنیدا، بەتایبەتی لە کۆمەڵگە دیموکراتەکاندا.
لە ئەمرۆدا، قســەکردن لەســەر «چینییە کۆمەڵایەتیەکان» وەك قســەکردنێکی ئەرکایك دێتە بەرچاو. راســتە لە ئێســتادا مارکسیســم پێگەی لە زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا لاوازبووەو وەك ساڵانی شەستەکان و حەفتاکان نەماوە، بەڵام ئەمە پێوەندییەکی راســتەوخۆی بە چەند ڕەگەزێکەوە هەیە کــە دەیانەوێت دەرگا لەسەر چەمکی چینە کۆمەڵایەتیەکان دابخەن.
یەکێــك لــەو ڕەگەزانە گۆڕانــی ســتراکتۆری کۆمەڵایەتی خودی کۆمەڵگەیە. ئەم ســتراکتۆرە نوێیە ئیتر جێگای نابێتەوە لە دابەشــکردنی کۆمەڵگە بەســەر دوو گرووپدا. بێگومان ئەم گۆڕانەش بەرهەمی چوونەدەرەوەی ئەو کۆمەڵگانەیە لەو شتەی کە ناومان نابوو زەمەنی پیشەسازی.
ڕەگەزێکی دیکەی سەرەکی رەوانەی فۆرمە نوێیەکانی چەمکی ململانێمان دەکات لە نێو خودی کۆمەڵگە نوێیەکاندا: لە نێو دڵی ژیانی کۆلێکتیڤدا، ئیتر ناکرێت پرۆلیتاریای کرێکاری بکرێت بە مەشخەڵی گەشاوەی ململانێ کۆمەڵایەتیەکان. ئاخر لە ئێستادا چەندین ئەکتەری دیکە هاتوونەتە ســەر شــانۆ، ئەم ئەکتەرانە زیاتــر کولتورین تا کۆمەڵایەتی، بۆنموونە دەرکەوتنی بزووتنەوە ئایینییەکان، بزووتنــەوەی ئافرەتان، بزووتنــەوەی خوێندکاران، بزووتنەوەی ئەلتەرمۆندیالیسم،...تاد. هەمــوو ئەمانە پێگەی خۆیان لە چەمکی «چینە کۆمەڵایەتیەکاندا» نادۆزنەوە.
ئەوەشمان لەبیرنەچێت کە تەنانەت خودی ململانێ کرێکاریەکان، رەهەندە ئیونیڤێرســێلە مارکسیەکەیان لەدەســتداوە و لە ئێستادا ئیتر ئەوان گۆڕانی بۆ ئەو خەونە مارکســیە نالێن کە دەیوسیت کرێکاران هەمووو مرۆڤایەتی لــە کۆت و زنجیری کۆیلایەتی رزگاربکەن.
چەمکی «چینــە کۆمەڵایەتیەکان» لەســەرەتادا دامەزرابوو لەســەر وێناکردنی پێوەندی ململانێگەرای نێــوان دوو گرووپی کۆمەڵایەتی جێگیر لە نێو کۆمەڵگەداو پرسیاری کۆمەڵایەتیش گرەوی ســەرکی هــەردوو لایان بوو. بەڵام لــە ئەمرۆدا خودی ئەو پرســیارە کۆمەڵایەتیە نەك هەر لەنێو پێوەندی نێوان ئەو دوو گرووپە کۆمەڵایەتیەدا دروســت نابێت، بەڵکو لە ئامادەنەبوونی ئــەو پێوەندییەدا دروســتدەبێت. لە ئێســتادا خراپترین تراژیدیای پرۆلیتێرێك بریتی نییە لە «ئیســتیغلالکردنی»، بەڵکو بریتییە لە ئامادەنەبوونی «ئیســتیغلالکردن»، بریتییە لە پەراوێزکردنی، فرێدانە دەرەوەی. تۆ کە لــەدەرەوەی کۆمەڵگە بیت، ئیتر چۆن دەتوانیــن پێوەندی ململانێی لەگەڵدا دامەزرێنیت، چۆن دەتوانیت برۆیتە نێو ژیانی کۆمەڵایەتیەوە.
هــەر لێرەوەیــە کە ئێمــە دەڵێیــن: بەڵێ چەمکــی چینە کۆمەڵایەتیەکان وەك کەرەســەی خوێندنــەوەی کۆمەڵگە کۆتایی پێهاتووە.